# ئەی ئەقڵ
# کێ بینیوتی؟

عەبدوڵڵا قەسیمی

# ئەی ئەقڵ
# کێ بینیوتی؟

سامان عەلی کردوویە بە کوردی

پێشکەشە بە چرا ڕۆشنکەرەوەکانی ماڵی تاریکی ڕۆشنبیریی کوردی:

جەمال عیرفان

عەبدولخالق مەعروف

ڕەووف زوهدی

عومەر تۆفیق

کاکەی فەللاح

ناوی نووسەر: عەبدوڵڵا قەسیمی

ناوی وەرگێڕ: سامان عەلی حامید

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢١

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٢٠٠٠ هەزار دینار

چاپخانەی:

## ناوەڕۆک

عەبدوڵڵا قەسیمی.................. ١٠
پیاوە لە بیابانەوە هاتووەکە........ ١٢
عەبدوڵڵا قەسیمی، لە وەهابییەتەوە بۆ
ناخوداباوەڕیی .................... ١٧
ئەی ئەقڵ کێ بینیوتی؟............ ٣١
پەراوێزەکان....................... ١٠٤

## عەبدوڵڵا قەسیمی

(١٩٠٧-١٩٩٦) لـە قەسـیم لـە شانشـینی عەرەبیـی سعودیی لـە دایـک بووە. لە سـەرەتادا کۆچـی کردووە بـۆ شـاریقە، پاشـان گەشـتێکی خوێندنـی بـە عێراق و هند و سـوریادا و تا قاهیرە دەسـتپێکردووە. ساڵانێکی زۆر لــە لوبنــان و میســر ئاکنجــی بــووە و دواجــار لـە میسـر سـەری ناوەتـەوە و هـەر لەوێندەریـش بـە خـاک سـپێردراوە. قەسـیمی خاوەنـی چەندیـن کتێبـە، لەوانـە: ئەمانـە پێوانەکانـن (١٩٤٦)، جیهـان ئەقـڵ نییـە (١٩٦٤). ئـەی ئەقـڵ کـێ بینیوتـی؟ (١٩٦٤)، فیـزی مێـژوو لـە تەنگانەدایە (١٩٦٦). ئـەم گەردوونە کامەیـە ویژدانــی؟ (١٩٦٦)، بیابانێکــی بێڕەهەنــد، مـرۆڤ یاخیـی دەبێـت بۆیـە شارسـتانییەکان دروسـت دەکات، ڕەخنەکردنــی کتێبــی (ژیانــی محەمــەد)، عــەرەب دیاردەیەکــی دەنگییــە (١٩٧٧)، گــەردوون دادگایــی خــودا دەکات، ئــەی شــورەیی ســەروەریی بـۆ تۆیـە.

# پێشەکی

## پیاوە لە بیابانەوە هاتووەکە

عەبدوڵــڵا قەسـیمی، تابـۆ ونجـڕ ونجـڕ دەكات. دوو كتێبەكـەی ئـەو؛ «**ئـەم گەردوونـە كامەیـە ویژدانی؟**» و «**فیــزی مێــژوو لــە تەنگانەدایــە**»، مــن لــە نێــو وێـژەی نوێـی عەرەبیـی و لـە ڕووی دنـەدان و ناوبانـگ و یاخێتییــەوە، لــە نموونەیانــم نەبینیــوە. قەسـیمی بیرمەندێــک نییــە برێــک تیۆریــی شــرۆڤە بــكات، بەڵكـو فەرهەنگـی عەرەبییــە و بووەتــە هاوارێــک لــە دژی ســاختەكاریی بــە واتــا مێژووییەكــەی، دژ بــە ســتەمكاریی و زۆرەملــێ و هەمــوو بەربەســتەكان.

ئــەم پیــاوە لــە بیابانــەوە هاتــووە، ئــەم سـعودییە كــە بەگــژ هەمــوو شــتێكدا دەچێتــەوە و، هەمــوو شـتێک دەداتـە دواوە و، لـە هەمـوو شـتێكدا ئـازادە، وەک شــەهیدی زینــدوو دەدوێــت. قەسـیمی چــی دەوێــت؟ دەیەوێــت دونیــای عەرەبیــی لــە خــۆی بەتاڵبكاتــەوە و، بەربنەمــای ئازادیــی و ئەقــڵ و ئابــڕوو، دایبمەزرێنێتــەوە.

كتێبەكانــی قەســیمی ئابڕووچوونێكــی مێژوویيــن، ئابڕووچوونـە تـا ئێسـتا ئەقڵـی عەرەبیـی لـە عەبدوڵـڵا قەسـیمی بەتــاڵ بــووە. قەسـیمی ڕۆژانــە، هــەر لــە زەریـاوە تـا كەنـداو، ئابـڕووی هەزارەهـا پێشـێلكاری وشــەی عەرەبیــی دەتكێنێــت.

ئێوە عەبدوڵڵا قەسیمی بخوێننەوە، لە ئێستادا تەنها هەر قەسیمی بخوێننەوە. ئای خەونمان بەوەوە بینی ئاوا بوێرانە بنووسین! ئای لەو قسانە هەڵهاتین کە ئەو دەیانکات! ئای خۆمان لەسەر درۆ و دووڕوویی ڕاهێنا و، لەگەڵ دۆخەکەدا هەڵمانکرد و، لە نێو خۆماندا ڕاستییمان ورد و خاش کرد، تاکو خۆمان لە خراپەی وتەکانی لە نێو کتێبەکانیدا بپارێزین.

بۆچی شتێک هەیە قەسیمی لە نێو ژیانی جیهانی عەرەبییدا لە دژی نەوەستێتەوە؟

ئەو، لەدژبوونێکی توند، لە دژی هەموو شتێکە کە ویستەکانی چەندین سەدە لە یاخییبوونی یەخسیر و ئازادیی چەوساوەی تێدا کۆبووەتەوە.

قەسیمی دەستە ئارەقاوییە بەئازارە برینداركەرەکەی بەرزدەکاتەوە و ونجڕ ونجڕکردن دەست پێ دەکات. بە هۆشیارییەکی هاوارکەر، بە سادەیی کوڕان و پێغەمبەران و، بە هێزێکی کوێرانەی سروشت، دەهەژێت. هەژینی لەشساغیی لە نەخۆشیی، دادگەریی لە ستەم، ژیان لە مردن، دەهەژێت. هەژینێکی تەنها و هاوارکەر لە بیاباندا. لە هەموو عەرەب و، لەوەتەی سەدان ساڵە، دەهەژێت و هار

دەبێـت. دەمارەکانـی گـرژ دەبـن. ئـەوەی بـە زاریـدا دێـت نایگەڕێنێتـەوە. تۆیـش بـڕوا بـەوە ناکەیـت کـە بـە چـاوی خـۆت دەیبینیـت! دەپرسـیت؛ ئەمـە عەرەبە کـە ئـەم قسـانە دەکات؟ زۆر دەپرسـیت. ئەویـش لـە خـەم و ترسـی ئـەوەدا دەتهێڵێتـەوە کـە بووەسـتێت یاخـود بـۆڕ بخـوات یاخـود هەڵبێـت یاخـود سـەری لـێ بشـێوێت. بـەڵام ئـەو لەخـۆڕا شـایانی ئـەو بڕیـاری لەسـێدارەدانە نییـە کـە لـە هەقـی دەرکـراوە!

قەسـیمی لـە بیابـان، لـە ناوجەرگـەی بیابانـدا، سـەوز بـوو. کتوپـڕ لـە بیابانـدا و لـە کاتێکـدا کـە هەمـووان بەتەمـای هیـچ کـەس نیـن. وەک خـار و وەک تراژیدیـا سـەوز بـوو. لـە دژی سروشـت سـەوز بـوو. کاتێـک کـە بـە نێـو بیابانیشـدا ڕێـی کـرد، هەمـوو دەنکـە زیخێـک بـووە پاڵـەوان و، لـە نێـو بیابانـدا بـووە درەختێکـی مـەزن.

**ئونسی حاج**

# عەبدوڵڵا قەسیمی، لە وەهابییەتەوە بۆ ناخوداباوەڕیی

ئـەو تەنهـا بـەوەوە نەوەسـتا کـە بوێریـی ڕەخنەکردنی کـۆی کەلەپـووری ئاییینیـی ئیسـلامی کـرد، بەڵکـو داوای پایەماڵکـردن و خسـتنە نێـو زبڵدانـی کـۆی ئـەو کەلەپـوورە ئاییینییـەی ئیسلامیشـی کـرد. بـە درێژایـی ژیانـی هانـی عەرەبـی دا لـە ڕیشـەوە خۆیـان لـە هـەر شـتێک کـە ئیسـلامییە بێبەریـی و ڕزگار بکـەن. لێـرەدا ئـەو شـتەی کـە جـوان و سەرنجڕاکێشـە ئەوەیـە کـە عەبدوڵـڵا قەسـیمی لـە دەرەوەی دامـەزراوەی ئاییینییـەوە پەیـدا نەبـوو، بەڵکـو ئـەو زانایەکـی ئاییینیـی بـوو و لـە پلەبەندیـی هـزری ئیسـلامییدا شـوێن و پایەیەکـی دەگمـەن و دیـاری هەبـوو، چونکـە بـەر لـە دۆزینـەوەی ڕێـگای ئەقڵانییـەت چەندیـن کتێبی نووسـی تیایانـدا داکۆکیی لـە خـودی ڕێچکـەی وەهابیـی نائەقڵانیـی خـۆی کـرد.

وەکـو هەمـوو بیرمەنـدە ڕیشـەیی و ڕەسـەنەکان بـۆ تەنهـا سـاتێک تەخسـیریی نەکـرد لـە ملـدان بـۆ بانگـەوازی ئەقڵـی خـۆی کاتێـک کـە بانگـی لـێ کـرد، ئازایەتیـی تـەواوی ئـەوەی هەبـوو لـە دژی ئـەو شـتە هەڵبگەڕێتـەوە کـە بـە دروسـتی دەزانـی پـاش ئـەوەی بـە وردیـی لێیکۆڵییـەوە و بەسـەرچوویی و دژوازییەکەیـی بـۆ دەرکـەوت، بەڵکـو هەروەهـا بـە کۆسـپێک لـە بـەر دەم هـەر پێشـکەوتنێکی

عەرەبیــی و، بــە پێشــگرێک لەســەر ڕێــگای ئەقڵــی ئازادیشــی زانــی، چونکــە ئــەو چەقبەســتوویی هــزری عەرەبیــی بــۆ ملکەچبوونــی هەرزەکارانــەی ئــەو هــزرە بــۆ وتەزاکانــی ئایینــی ئیســلامیی و وەژارە و وەهمەکانــی فەقیهەکانــی لــە ڕابــووردوو و لــە ئێســتادا گەڕانــدەوە. «ئــەو داگیرکردنــەی کــە خــودا ئەقڵمانــی داگیرکــردووە، خراپتریــن جــۆری داگیرکردنــە»، قەســیمی بــەو چەشــنە تــەواوی بەشــێک لــە کتێبــی؛ «ئــەم گەردوونــە کامەیــە ویژدانی؟ « ناودێــر کردووە.

بەپێچەوانــەی زۆربــەی گازەکەرانــی دیکــەی نوێگەریــی و ئەقڵانییــەت لــە خۆرئــاوا و خۆرهەڵاتــی عەرەبییــدا، ئــەم ڕۆڵەیــەی بیابــان لــە پشــت هیــچ دەمامکێکــەوە خــۆی نەشــاردەوە و، لــە نێــو ژمارەیــەک کتێبــدا، کــە لــە ڕۆژگاری ئەمــڕۆدا بــوون بــە بەشــێک لــە دەقــە کلاســیکییەکانی ناخوداباوەڕیــی عەرەبیــی هاوچــەرخ، ناخوداباوەڕیــی تونــد و نائاشــتیخوازانەی خــۆی ڕاگەیانــد. وێــڕای پەتــای فێندەمێنتاڵیــزم و جەمــاوەرە خرۆشــاوەکەی و ناحەزیی دەســەڵاتدارانی بازرگانییکار بــە ئایینــەوە، ئــەم بیرمەنــدە، تــا دوا ســاتی ژیانــی، لەســەر ڕێچکــە ئەقڵانییەکــەی خــۆی خۆڕاگــر مایــەوە، چونکــە وەکــو ئــەو نووســەرانەی نەکرد کە بــە درێژایی ژیانیــان بانگــەوازی پێشــکەوتن و ئازادییــان کــرد و لــە

کۆتاییدا، وەکو خەڵکانی تری خواپەرستی بێجگە لە خۆیان، بوونە خەڵکانێکی خواپەرستی قایلی تۆببەکار!

ئەگەرچی هەندێک لە دام و دەزگا ئیسلامییەکان و ئەو دامەزراوە و پێگانەی کە لەگەڵیاندا ڕێککەوتوون ویستیان لەدوای کۆچیدواییکردنی برێک گەواهیی بکرن و، مێژووە هزرییەکەی ساختە بکەن، تاکو بە زۆری زۆردارەکی و بە زەبری پیترۆدۆلار بیگەڕێننەوە سەر «ڕێگای ڕاست»، بەڵام ئەوە هەرگیز و هەرگیز سەر ناگرێت، چونکە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ کەس ناتوانێت کتێبەکانی ئەو بیریارە تیرۆر بکات، بەڵکو تا ئێستایش سەرلەنوێ چاپدەکرێنەوە و هەندێکیان لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بۆ خوێندنەوە و داگرتن بەخۆڕایی و بەبێ پارە بەردەستن. ئەو کتێبەکانی خۆی بە شێوازێکی ڕێکوپێکی لە بەر دڵان نووسی، دڵانێک کە هێشتا یاسای شەرع لەناوی نەبردبوو و، ئەو ئەقڵانەی قایل دەکرد کە شەریعەت گڵاوی نەکردبوون. چونکە سەرەتا لە **«موسڵمانان چۆن گومڕا بوون؟»** (١٩٤٠) و بە تێپەڕبوون بە **«ئەمانە کۆت و پێوەندەکانن»** (١٩٤٦) و **«بیابانێکی بێڕەهەند»** و **«ئەی ئەقڵ کێ بینیوتی؟»** (١٩٦٧) تا بە **«ئەم گەردوونە**

کامەیــە ویژدانــی؟» و «عــەرەب دیاردەیەکــی دەنگییــە» (١٩٧٧) دەگات، تێزەکــەی ئــەو تێزەیەکی ڕوون و دوور لــە ئاڵۆزیــی و بــێ پێــچ و پەنایــە و دەڵێــت: شــتێک نییــە بــە نــاوی خــودا و، ئیســلام هــۆکاری ســەرەکیی دواکەوتنــی عەرەبــە. کاتێــک کــە بــوون یاخــود نەبوونــی خــودا هیــچ گرنگییەکــی نییــە- ئەگەرچــی لــە زۆربەیــدا زانســت لەگــەڵ قەســیمیدایە- بــەڵام دژوارە مرۆڤێکــی ژێــر ســەبارەت بــە هــۆکاری بەجێمانــی عــەرەب لــە کاروانەکــە لەگەڵیــدا ناکــۆک بێــت.

ئەگەرچــی هەڵوێســتی دینــداران و ئیســلامییەکان بەرامبــەر بــەم مرۆڤــە بابەتێکــی بەڵگەنەویســت بــوو، بــەڵام ئــەو پرســیارە ڕەوایــەی کــە دەمێنێتــەوە پەیوەســتە بــە بێدەنگبوونــی زۆرینــەی ڕۆشــنبیرانی نەوەکــەی لــە ئاســت ئەزموونەکەیــدا و، هەوڵــی کەمایەتییەکــی مــاڵ لەســەر نوێگەریــی، بــە ئاراســتەی کەمکردنــەوە لــە بەهــا هزریــی و وێژەیــی و زانســتییەکەیدا. هــاوکات هەندێکــی دیکــە هەوڵیانــدا «دیــاردەی قەســیمی» لێکبدەنــەوە لــە بــری هەوڵدانی ڕەخنەیــی بــۆ نزیکبوونــەوە لــە هزری قەســیمی، یاخود لایەنــی کــەم پێلێنــان لــە بوێرییــە فەلســەفییەکەی و، دانانــی بــە وتەبێــژی ئەقلانیــی خۆیــان ئەگــەر

هەلومەرجیان بواری  وتن و درکاندنی پێنەدان.

ئەگەر قەسیمی هاوسەردەمی محەمەد ئارگۆن و مالیک شبل و عەبدولوەهاب موئەدەب-ی گازەکەری ئیسلامی ڕۆشنگەر بوو لە فەڕەنسا، کە لە ڕوانگەی میدیای تەڵەکەبازی فەڕەنسییدا پسپۆڕانی نیمچە دیارییکراون لە بواری هزری ئیسلامییدا، بەڵام ئەوان نە بە چاک و نە بە خراپ باسی قەسیمی دەکەن، وەک ئەوەی کە ئەو هەرگیز بەم دونیایەیشدا نەهاتبێت، ئەوێک کە ژمارەیەک لە کتێبەکانی لەوێ لە کونجیماڵەکانی ئەواندا وەک هەڵهاتن لە ڕەقیبی ئیسلامیی بڵاوکردەوە! ئایا ئەوەی کە ئەو سێ ناوە هەرسێکیان کردیان شاردنەوەی بیرمەندێک نەبوو لەو تەرزە سەنگین و قورسە، لە ترسی ئەوەی ئەوە نابود بکات کە ئەوان لە خۆرئاوا نان و پیازی پێوە دەخۆن، کە خستنەڕووی ئیسلامێکی گریمانکراوی لێبووردە لەگەڵ ئەوی دی و تەبایە لەگەڵ سەردەمدا!

تاوانە بڕێک ڕۆشنبیری عەرەب مرۆڤێک لە سەنگ و باڵای قەسیمیدا پشتگوێ بخەن، لە سەدەی بیستی عەرەبییدا هیچ کەس وەک ئەو شایانی نازناوی «فەیلەسووف» نییە، چونکە ئەو تەنها

کەسە کە سیستەمی ئایدیۆلۆژیی ئیسلامیی لەرزاند کە هەر لەسەر بێشکەوە تا نێو گۆڕ لە گەردنی خەڵکییدا چەسپیوە، پێداکێشانی چەکوشەکەیشی تەنها پێداکێشانێکی فەلسەفیی قووڵ نەبوون بەڵکو پێداکێشانێکی وێژەیی بەچێژیش بوون. ئەو پارچە نووسینانەی کە ئەو نووسیونی، بە قووڵترین و جوانترین و بەچێژترین ئەو پارچە نووسینانە دادەنرێن کە نووسراون، زۆر جار پارچە نووسینەکانی نیچە و سیۆران و بێجگە لە ئەوان لە زانایانی ئەو چەشنە لە نووسین بیردەهێننەوە، ئەگەر ئابڵوقەی میدیایی و جەوری وەرگێڕان و ترسی دەزگا گەورەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە نەبووایە لە خۆرئاوا لە بەرژەوەندییەکانی لە دەوڵەتە پیترۆتاریکپەرستەکاندا، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا قەسیمی گرنگییەکی تری دەبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەدۆنیس پێیوایە کە قەسیمی لە هاوارکەرێک بەولاوە زیاتر نییە، هەموو شتێک دەڵێت و هیچ شتێک ناڵێت، لەگەڵ هەمووان دەدوێت و لەگەڵ هیچ کەس نادوێت، پێش و پاشە، هەروەها دەڵێت ئەو کەسەیە کە ڕۆژگارێک لە قاهیرە بەتەواویی دەستبەرداری ئەقڵانییەتەکەی بوو چونکە وتی: پەنجە دەکەم بە

چاوی هەر کەسێکدا تاکە یەک وشەم پێ بڵێت کە بە ئیسلامم گوتبێت. دەربارەی ئەم پرسیارە گەمژانەیەیش: هەردوو شایەدییەکە شایەدیی دەدەیت؟ ئەویش وەک خۆبەدەستەوەدانێک بە پۆپۆلیزمی باو و قایلکردنی ئاژاوەچییان و تەڵەکەبازان، وتی: بەڵێ، هیچ خودایەک نییە تەنها ئەڵڵا نەبێت و، محەمەدیش دەیان جار پێغەمبەری خودایە!

هەرچی حسێن مرووەیە لە قەسیمیدا هیچی تری نەبینی بێجگە لەو مرۆڤە نەخۆشەی کە بۆچوونەکانی زادەی برێک لەو گوشارە دەروونیی و هزرییە توندانەن کە لە کۆتاییدا قەیرانێکیان دروست کرد، هەروەها مرووە تا ڕادەی بەزەیی هاتنەوە بەم بیریارە سعودییە دەڕوات و دەڵێت: «ئەمە لە بارێکدا ئەگەر بە گرێ ناودێری نەکەین». ئەگەر هەر خودان گرێیەک بتوانێت دەقی؛ **«مرۆڤ یاخیی دەبێت.. بۆیە شارستانییەکان دروست دەکات»** یاخود **«جیهان ئەقڵ نییە»** بنووسێت، تەمەننام دەکرد هەموو بیریارێک لە بیریارانی عەرەب بەتوندیی گرێدار بوونایە. بەڵام ئەفسوس گرێکان هەمان ئەنجام نادەن بە دەستەوە بەو جۆرەی کە بیریار؛ جۆرج تەڕابیشی، لە نێو «بیماریی

بە خۆرئاوا، دەروونشیکاریی نیرۆسێسی بەکۆمەڵی عەرەبیی»دا ڕوونیدەکاتەوە. کە کتێبێکە نووسەر تیایدا عەبدوڵڵا قەسیمیشی دیسان لەسەر چەرپای شیکاریی ڕاکشاندووە.

ئەگەرچی دانیشتنی شیکەرەوەکەی نێو کتێبەکەی تەڕابیشی لەگەڵ چارەسەروەرگرەکەدا درێژەی نەکێشا، شیکەرەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە «عەبدوڵڵا قەسیمی ڕۆمانە بونیادگەرەکانی خۆی بەربنەمای قین بونیاد دەنێت، بەڵام نوکی ڕمی ئەم قینە ئەم جارە بەرەوڕووی برای نامۆی ڕکابەری برای ڕەسەن نییە لەسەر مەمکی دایک، بەڵکو بەرەوڕووی باوکە و، لەو شوێنەدا کە دەروونشیکاریی بە شەڕانگێزیی کۆمی ناودێر دەکات». تەڕابیشی لە لاپەڕەی دواتردا باسی ئەمەمان بۆ دەکات: قین لە باوک لای قەسیمی تێهەڵکێشی ناخوداباوەڕییەکی توند و ئاشکرا و بێزارکەرانە دەبێت کە لە نێو هەموو گوتاری عەرەبیی و تەنانەت لە هەموو هزری عەرەبییدا بە کۆن و نوێیەوە بەسەر نموونەیدا ناکەوین و، تەنها لە نێو وێژە بیانییەکاندا لە نموونەی دەبینین، بۆ نموونە وەک مارکیز دو ساد». تەڕابیشی نائەقلانییەتی قەسیمی لە نێو بڕگەیەکی

دواتــردا کــورت دەکاتــەوە و دەنووســێت: «بــەڵام ئــەم ناخوداباوەڕییــە، کــە مەبەســتی گڵاوکردنــی پیرۆزییەکانــە، لــە دیدێکــی ئەقڵییــەوە ســەرچاوە ناگرێــت بارتەقــای ئــەوەی هەڵوێســتێکی دەروونیــی بەســەریدا زاڵــە و بەقــەدەر ئــەوەی جێگیرکردنێکــی ویژدانیــی نەرێنیــی پێچەوانــە دەکاتــەوە و، لــە تەرزێکــی هاوڕەگەزیــی و کۆمییــە بــەو جــۆرەی کــە فرۆیــد دەیگــوت، لــە دژی بــاوک» (١).

لێــرەدا دەشــێت هێمــا بــۆ تێهەڵکێشــبوونی نێــوان تیۆریــی هزریــی و هەڵوێســتی دەروونیــی و دژواریــی لێــک جیاکردنەوەیــان بکرێــت، چونکــە بــۆ نموونــە نیچــە برێــک هەڵوێســتی خودیــی بــوو نــەک دیدێکــی ئەقڵیــی پەتیــی. ڕەنگــە جوانتریــن شــت ئــەو شــتانە بــن کــە دێوانەیــی ســەرچاوەی سروشــیانە و ئەقــڵ دەیاننووسێت بــەو چەشــنەی کــە ئاندرێ ژیــد دەڵێت!

ئــەو لێکدانەوانــە هەرچییــەک و هەرچۆنێــک بــن کــە بــۆ دۆخــی قەســیمی دەکرێــن، قەســیمی بــەو بیریــارە ئەقڵییــە گەورەیــە دەمێنێتــەوە کــە بەپاکیــی و بوێرانــە ڕۆڵــی ڕەخنەییانــەی خــۆی گێــڕا، چونکــە خەڵکیــی مەککــە لــە خەڵکــی دیکــە باشــتر ڕێچکــە شــاخاوییەکانی مەککــە بەڵــەدن و، ئەگــەر پەنــا بــە

بەکارهێنانــی وشــەی ئیســلامۆفۆبیای مەبەســتداری ڕۆژگاری ئەمــڕۆ ببەیــن؛ قەســیمی ئیســلامۆفۆبی نییـە، چونکـە لـە نزیکـەوە ئـاگاداری ڕاسـتیی ئیسـلام بــوو وەک چــۆن ســپینۆزا ئــاگاداری جوویــزم بــوو و دەسـتبەرداری بـوو، وەک زۆرێـک لـە پیاوانـی ئایینیـی بـەر لـە ئـەوان کـە لەپـاش خوداباوەڕییـان بـوون بـە ناخودابـاوەڕ، لــە پێــش ئەوانەیشــەوە قەشــە میلــێ. (٢)

وێـڕای هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە دەربـارەی قەسـیمی گوتــران و دەگوترێــن، ئــەو کتێبانــەی کــە ئــەو لەپــاش خــۆی جێیهێشــتن، گرنگتــرن و دەمێننــەوە. بــەڵام خەڵــک بۆچــی هــەوڵ بــۆ دۆزینــەوەی لێکدانــەوە بــۆ خوداباوەڕیـی زۆرینـە نـادەن و خۆیـان بـە دۆزینـەوەی لێکدانــەوە بــۆ ناخوداباوەڕیــی تاکەکانــەوە مانــدوو دەکــەن، وەک ئــەوەی خوداباوەڕیــی بنەمــا بێــت و ناخوداباوەڕیــی هەڵاوێــرد بێــت! بــەو چەشــنەی کــە دادوەر عەبدولجەبــار دەڵێــت نــە زۆرایەتیــی بەڵگــەی ڕەواییــە و، نــە کەمایەتیــی نیشــانەی ناڕەواییــە. لــە بیریارێـک چ شـتێک دەمێنێتـەوە ئەگـەر بـە جۆرێکـی ســەربەخۆ لــە داب و نەریتــە هزرییــە باڵادەســتەکان بەســەر کەلتوورەکــەی خــۆی و بەڵگەنەویســتەکانیدا بیـر نەکاتـەوە؟ ئاخـۆ ئـەو کەسـە هـەر لـە بنەڕەتـدا

بیرمەنــدە کــە خــۆی لــە تورەکردنــی ڕای گشــتی دەپارێزێــت؟ کەڵــک و ســوودی ئــەو بیریــارە چییــە کــە هاتــە دونیــا و دونیــای جێهێشــت بەبــێ ئــەوەی هیــچ کــەس بێــزار و تــوڕە بــکات؟

**حەمید زنار**

پەراوێزەکان:

(١)جـۆرج تەڕابیشـــی، بیماریـــی بـــە خۆرئـــاوا، دەروونشـــیکاریی نیرۆسێســـی بەکۆمەڵـــی عـــەرەب، دەزگای بەتـرا و دەسـتەی ئەقڵانییانـی عـەرەب، ل٦٩، ٢٠٠٥.

(٢) پاپا میلۆ: بەسەرهاتی پیاوێکی ئایینیی ناخوداباوەڕ.

# ئەی ئەقڵ کێ بینیوتی؟

ئەگەرەکانی شۆڕشکردنی بوێر لە دژی فەرمانڕەوای چاکەکار بەهێزترن وەک لە ئەگەرەکانی شۆڕشکردنی لە دژی فەرمانڕەوای بەدکار. ڕەنگە ئێمە لە ڕاوی ئاژەڵی بێوەیدا بوێرتربین وەک لە ڕاوی ئاژەڵی دڕندەدا.

ئەگەر گەندەڵیی کوشندە نەبێت، ئەی ڕەخنە چۆن کوشندەیە؟

ئەگەر پێغەمبەرێکی تووشبوو بە نەخۆشیی بەڵەکیی بۆ خەڵکانێکی بەڵەک بنێردرێت، تووشبوون بەو دەردە دەبێت بە مەرجێک لە مەرجەکانی باوەڕهێنان بە خودا!

باوەڕداران بە خودا و بە ئایینەکان ئەو کارە دەکەن کە نەهرۆ دەربارەی هندییەکان گوتویەتی: «مانگا دەپەرستن و ئەوەی کە پێویستە بۆی ناکەن. ئەگەر ئەوەی کە پێویستە بۆ مانگایان بکردایە و نەیانپەرستایە ئەوکات ڕێزێکی چاکتریان لێ دەنا».

ئـەوان خـودا بـە تـزار یاخـود بـە ڕابەرێکـی گومـڕا تێدەگـەن، کـە دڵـی بـە دووڕوویـی و هەڵبەسـتی ستایش و پیاهەڵـدان دەکرێتـەوە و، بـەو هۆیەیشـەوە ڕێـزی خـۆی لـە دەسـت دەدات.

پاڕانـەوە لـە خـودا و نوێژکـردن بـۆی، تاوانبارکردنـی خودایـە. ئەگـەر ڕووی نـزات نـا لـە خـودا، داوای ئـەوەی لـێ دەکەیـت کـە ببێـت یان نەبێـت. ئـەوکات داوای ئـەوەی لـێ دەکەیـت کـە ڕەفتـار و لۆژیـک و کارتێکرانەکانـی خـۆی بگۆڕێـت. ئەگـەر نوێـژت بـۆ خـودا کـرد، بەرتیلـت پێـداوە تاکـو کار لـە هەڵسـوکەتی بکەیـت بـۆ ئـەوەی بەگوێـرەی خواسـت و ئـارەزووی تـۆ بـکات. باوەڕدارانـی خوانـاس خەڵکانێکـن دەیانەوێـت کار لـە زاتـی خـودا بکـەن، گەرەکیانـە هەڵسـوکەوتی دابڕێـژن. (١)

ئـەو کەسـەی کـە لـە بوونـم بێئاگایـە، زیانبـار نییـە بـۆم. زیانبـار ئـەو کەسـەیە کـە لـە بوونـم بەئاگایـە و ددانپێدانانـی خۆیـم بـۆ دەخاتـەڕوو، پاشـان خراپـە و کەموکوورییـم دەداتـە پـاڵ.

ئـەو مەلایـەی کـە زاری پـڕ دەکات لە خودا و سـوپاس و ستایشــی خــودا و، وێناکانــی لێوانلێــو دەکات لــە تــرس لــە خــودا و لــە دۆزەخەکــەی، پاشــان ئــازای ئەندامەکانــی و حەزەکانــی ســیخناخ دەکات لــە درۆ و ناپاکیـی و شـتی پـووچ و هێزگـەل پەرسـتیی، لـە هـەر بێباوەڕێکـی تـر لـەم جیهانـەدا بێباوەڕتـرە.

خـودا، لـە هەمـوو گریمانەکانیـدا، ڕەفتـارە، تەنهـا زات نییـە. هـەر بۆیـە ئەگـەر ڕەفتارێکـی خودایـی بوونـی نەبێـت زاتێکـی خوداییـش بوونـی نابێـت.

بــە بــوون هێنرایــن، بوونــی خۆمــان پەســەند کــرد، پاشــان لێکدانەوەیەکــی ئەقڵیــی و وێژەییمــان بــۆ دا نــا.

بەقــەدەر ئــەوەی کــە دەتوانیــن، ژیانــی خۆمــان خۆشــدەوێت، نــەک بەقــەدەر ئــەوەی کــە دەزانیــن. هیــچ بــوو ئــەوەی کــە زانیمــان.

هیـــچ لۆژیکێـــک لـــەوەدا نییـــە کـــە نەخۆشـــیی دروســـتبکەین تاکـو لێـی چاکببینـــەوە، کـــە بکەوینـــە نێـــو بیـــرەوە تاکـــو لەپێنـــاوی هاتنـــەدەرەوەدا لێـــی تێبکۆشـــین. ژیانـــی مرۆڤیـــش، بـــە هەمـــوو شـــێوەکانی و لـــە هەمـــوو ئاســـتەکانیدا، هیچـــی تـــر نییـــە بێجگـــە لـــە کەوتنـــە نێـــو بیـــر و پاشـــان هەوڵـــی هاتنـــەدەرەوە لێـــی.

هەمـــوو ئـــەو کارانـــەی کـــە مرۆڤـــەکان دەیانکـــەن، هیچـــی تـــر نیـــن بێجگـــە لـــە چارەســـەرێک بـــۆ هەڵـــەی بوونیان.

بەتەنهـــا هـــەر مـــرۆڤ دەربـــارەی خـــوداکان دواوە و بـــۆ باوەڕپێهێنانیـــان بانگـــەوازی کـــردووە.

خـــودا بـــۆ ئـــەوە مرۆڤـــی دروســـتکردووە تاکـــو بیپەرســـتێت و گوێڕایەڵیـــی بـــکات. بـــەڵام بەرلـــەوەی کـــە ئـــەو کارە بـــکات دەیزانـــی کـــە ناپەرســـتێت و

گوێڕایەڵیی ناکات. تۆ بڵێی خواستی خودا بۆ ئەوەی کە مرۆڤ بیپەرستێت خواستێکی کاڵ و نەگەیوو بوو، یان پلانی بۆ بەدیهێنانی خواستەکەی ناتەواو بوو؟

خراپترین ئاکاری خوداناسان ئەوەیە کە لەگەڵ گەندەڵان لێبووردە و لەگەڵ بیرمەندان لێنەبووردەن.

دڵخوازی خوداناسان پارێزگارییە لە بیر کۆنیی نەک لە ڕەفتار پاکیی.

ئەو مەزەندەیەی دەڵێت ئەوە ئایینە بەهێزەکانن کە کارە گەورەکان دەکەن، مەزەندەیەکی چەوتە. ئەوە پاڵنەرەکانی مرۆڤن نەک ئایینەکانی کە هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ دادەڕێژن.

مرۆڤ، بەر لە بوونی بە مرۆڤێکی خواپەرست، هەستیکرد کە ئەستەمە بتوانێت بە ڕێساکانی ژیانێکی نموونەییەوە پابەند بێت، ئیتر بووە مرۆڤێکی خواپەرست چونکە هەستی کرد کە ئاسانە خوداباوەڕدار بێت.

ئەوانەی کە لە هەر خەڵکانێکی تر زیاتر سەرپێچیی ڕاسپێریی و بنەما ئایینییەکان دەکەن دانەرانی هەرە بەهێزی ڕاسپێریی و بنەما ئایینییەکانن. داوێنپیسترین فەرمانڕەوا و ڕابەران لە هەموو کەس زیاتر بۆ ئایینەکان و ئاکار بانگەواز دەکەن.

ئەگەر بیرۆکە واتای پابەندبوون پێوەی بگەیەندایە، ئەوکات خەڵکیی ئایینەکان و ڕاسپێرییەکان و بنەماکان و ئاکاری نووسراوەیان دانەدەهێنا.

ئەگەر باوەڕهێنان ناچاریی بووایە، ئەودەم ئەستەم بوو لە هەموو مێژوودا تاکە باوەڕدارێک بوونی هەبووایە.

خەڵکیی، لە هەموو سەردەمێکدا، بڕێک هوتافکێشی خاوەن هەمان ئاست لە خرۆش و جۆشن. هوتافیان بۆ هەموو فەرمانڕەوا و سەرکردە

و ئاییــن و ئایدیۆلۆجیـا و ڕژێمــە دژبــەرەکان کێشــا؛ هوتافیـان بۆ باوەڕهێنـان بـە خـودا و باوەڕهێنــان بـە شــکۆمەندییەکان کێشـا، هوتافیــان بـۆ دیموکراســی و دیکتاتۆریــی، بـۆ ســەرمایەداریی و کۆمۆنیــزم، بـۆ دادگەریــی و ســتەم و، بـۆ بکــوژ و کــوژراو کێشــا.

خەڵکیــی باوەڕیـان بــە چاکتــر و بــە ئــاکار نییــە، بەڵکـو باوەڕیـان بـە پـڕ ژاوەژاوتریـن و پـڕ گونجاوترین بــە مێشــکی مانــدوو هەیــە.

تـۆ دەدوێیـت، کەواتــە تـۆ دەتەوێـت ئـەوە بڵێیـت کـە نایڵێیـت، دەتەوێـت بێجگـە لـە خـۆت بڵێیـت، بێجگـە لـەو شـتانەی کـە باسـیان دەکەیـت.

خەڵکیـی شـتەکان وەک ئـەوەی کـە خۆیـان دەیانەوێت بـاس دەکـەن، نـەک وەک ئـەوەی کـە هەن.

جاروبار، کاتێک کە ڕاستیی دەڵێیت، دەتەوێت لە

ڕاستیی خۆت بدزیتەوە.

زمان هەمیشە واتای هەڵهاتن لە واتای زمان دەگەیەنێت.

خەڵکیی لەبەر ڕێز یاخود باوەڕ یاخود بەزەیی بە پیر بانگەوازچییەوە ناچن و پێشوازیی ناکەن و شوێنی ناکەون، بەڵکو لەبەر ناڕەزایی و بۆ گەڕان بە شوێن هاوارکەرێکی دەم بە ئازاردا پێشوازیی لێ دەکەن و شوێنی دەکەون تاکو لە دوایەوە هاوار بکەن، تاکو بۆیان و دەربارەیان هاوار بکات، تاکو بە هۆیەوە هاوار بکەن.

خوداکان و ئایینەکان و سەرمەشقەکان و ئاکارەکانی مرۆڤ، کۆی هەڵە زمانەوانییەکانی مرۆڤن. (٢)

جیاوازیی لە نێوان شت و پێچەوانەکەی وەک جیاوازیی لە نێوان حەزکردنمان لە شت و حەزنەکردنمان لە پێچەوانەکەی وایە.

ئـەوەی کـە دوژمنەکـەم بکـوژم دادپـەروەرییـە، ئـەوەی کـە دوژمنەکـەم بمکوژێـت سـتەمە. بۆچـوون و ئاییـنـی مـن دروسـتـە، بۆچـوون و ئاییـنـی جیاڕایان نادروسـتە. ئەمـە لۆژیکـی هەمـوو ژیـرەکان و هەمـوو گەمژەکانـە.

ئێمـە لەبەرئـەوە دژایەتیـی جیاڕایـان ناکەیـن کـە دژ بـە چاکەکاریـی یاخـود دژ بـە خواناسـیی و ڕاسـتیین، بەڵکـو لەبەرئـەوەی کـە لـە دژی ئێمـەن. ئـەوان بـە هەڵـەدا چـوون چونکـە ویسـت و بەرژەوەندییـان لەگـەڵ ویسـت و بەرژەوەندیـی ئێمـەدا کۆکنایەنـەوە.

هەمیشـە ئێمـە خۆمـان یەکـەی پێوانـەی خـوداکان و ئاییـنـەکان و خەڵکیـی و هەمـوو شـتەکانین. پێویسـتە هەمـوو شـتێک بـە ئێمـە لێکبدرێتـەوە. تەنانـەت ئەوانـی دیکەیـش کـە وەکـو ئێمـەن، پێویسـتە بـە ئێمـە لێکبدرێنـەوە، دەنـا ناپـاک و گومـڕان.

ناکۆکیـی نێـوان گـەلان و تاکـەکان لەسـەر ئاییـن و بیرکردنـەوە نییـە، بەڵکـو لەسـەر بـوون و ویسـتە.

ئـەو کارەی کـە مـرۆڤ دەیـکات، لـە مـرۆڤ مەزنتـرە.

هەمیشە بیر و نموونە و ئایینەکانی، بە درێژایی هەموو مێژوو، لە خۆی باشتر و خاوێنتر و ژیرترن ئەگەرچی ئەو خۆی ئەفرێنەریانە.

چەند نالۆژیکییە کە ئەفرێنراو لە ئەفرێنەر مەزنتربێت، پاشان ئەم ئەفرێنراوە گەورەیە نەتوانێت ئەفرێنەرە بچووکەکەی بگۆڕێت!

چەند مەزنە کە مرۆڤ بە هەمان ئەو شێوازە خۆی دروست بکات کە شارستانیی و ئامرازەکانی خۆی پێ دروست دەکات!

بلیمەتیی مرۆڤ ئەوە بوو شتەکانی لەسەر نموونەی کەموکوڕییەکانی خۆی دروستبکردایە، نەک خۆی لەسەر نموونەی بیردۆزێکی ئایدیالیی دروست بکات کە دواتر ببێتە بێکەموکووڕ، ببێت بە شتێک لە سەروو خۆیەوە.

چەند مەزنە جیاوازیی و چەند دوورە مەودای

نێوان ئاکاری تیۆریی مرۆڤ و ئاکارە کردەیی و دەروونییەکانی!

ئەو خەڵکانەی کە لە هەمووان زیاتر باوەڕیان بە بیردۆزەکان هەیە، لەگەڵ ئەو یاسا و سیستەمانەدا دەژین و هەڵدەکەن کە پێچەوانەی بیردۆزەکانیانە.

بیردۆزە، گواستنەوەی قەوماو و ڕاستییە بۆ وێنەیەکی هزریی. بیردۆزە ناتوانرێت بۆ وێنەیەکی ماتەریالیی بگوازرێتەوە.

مرۆڤەکان کارتێکرانەکانی خۆیان دروست ناکەن، کەواتە ئەوان ئاکاری خۆیان دروست ناکەن، چونکە ئاکار هیچی تر نییە بێجگە لەو کارتێکرانانەی کە گۆڕیومانن بۆ گوزارشتی ئاکاریی.

هەموو پەروەردەیەکی ئاکاریی و کۆمەڵایەتیی دروستی مرۆڤەکان ئەوەیە کە فێری جۆرێک

لــە ڕەفتــار بکرێــن، نــەک جۆرێــک لــە هەســت و خۆشەویستیی، چونکە هەست و خۆشەویستیی فێر ناکرێــن.

ئــاکار، لــە هەمــوو ســەردەمەکاندا، وەســتاییە لــە هونــەری خۆنوانــدن و درۆ و ســاختەکارییدا. تەنانــەت چاکەکاریــی بەرامبــەر بــە ئەوانــی تــر و بەزەییپێداهاتنەوەیان، بەزەییپێداهاتنەوەیە بە خـۆدا نــەک بــە ئەوانــدا.

هەر کەس دەرفەتێکی پێدایت تاکو بەزەیی خۆتی پیشانبدەیت، کەسێکە چاکەی لەگەڵ کردویت.

جیاوازیــی نێــوان چاکــەکار و خراپــەکار، جیاوازییــە لــە پێکــەوە گونجانیــان لەگــەڵ شــتەکاندا بــە هــۆی جیاوازیی ئەو ئاست و بارودۆخانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتــەوە و کــە تیایـدا دەژیـن.

چاکەکاریــی ئەوەیــە کــە مــرۆڤ لەگــەڵ سروشــتدا

بگونجێت نەک ئەوەی کە خۆی لێ بپارێزێت یاخود سڵی لێ بکاتەوە یاخود توانای بەسەریدا نەشکێت یاخود قەدەغەی بکات یاخود بیپەرستێت.

خراپەکاریی، لە هەموو شێوەکانیدا، ئەوەیە کە مرۆڤ بەرەوڕووی سروشت ببێتەوە.

ژیان جووڵەیە، یاسا نییە. فێریش ناکرێت، بەڵکو ڕاسپێریی و بنەماکان پێشێل دەکات. بەڵام مرۆڤ ئامێر و پاڵنەرە.

ئەوانەی کە ئارەزووی کۆتکردنی ژیانی خۆیان دەکەن بە هۆی حەرامکراوەکانەوە، چ بۆ بەمەبەستی خواپەرستیی و چ بۆ بەمەبەستی پیاهەڵدان بە چاکەخوازییدا، لەڕاستییدا بەو هۆیەوە ئەو ئامادەییە بۆ هەڵهاتن لە ژیان ئاشکرا دەکەن کە لە نێو ناخیاندا هەیە.

ئەوانـەی کـە ڕەفتارێـک یاخـود شـتێک لـە مرۆڤـەکان حــەرام دەکــەن، لەڕاســتییدا دەیانەوێــت ژیریــی و ئازادیــی و بەرەنگاریــی لــێ حــەرام بکــەن.

حەرامکــردن واتــە شــتێک هەیــە لــە ســەروو مرۆڤەکانــەوە و، هێمــای ئازاربەخشــی ئەوەیــە کــە مــرۆڤ لــە دووررِا چــارەی نووســراوە.

ئەگــەر مرۆڤانێکــی تەندروســت نەبوونایــە کــە هاتــوون مــژدەی ژیــان دەدەن و دروســتی دەکــەن و بەســەریدەبەن و، هاتــوون داوای شــکۆی ســەر زەوی دەکـەن و ستایشـی شـکۆی حـەز و ڕەمـەک دەکـەن بە هـۆی ڕەفتـار و لۆژیکیانـەوە، مرۆڤایەتـی نەیدەتوانـی لـە بیابانـی سـامناکی نێـوان کۆچەریـی و شارسـتانیی بپەڕێتــەوە.

چاکەخوازیی توانایە، بیرۆکە نییە.

ئەقڵی مرۆڤ چۆن ئەوە دەبڕێت کە خوداکان لەو کەسانە تووڕە دەبن کە پێدەکەنن و شادن و لەو کەسانە قایلن کە خەمبارن و دەگرین؟!

خواپەرستان دەیانەوێت سەرلەبەری مێژوو بکەن بە شوێنی گریان پاش ئەوەی کە کردیان بە پەرستگا. یەختەکردنی پیاوانیان داهێنا تاکو هەموو خواستێکیان بۆ ئازادیی و یاخیبوون و سەربەخۆیی و بەرەنگاریی بدۆڕێنن، تاکو پاڵنەرەکای شکۆمەندیی و پەرۆشیی بۆ ئابڕوو لە دەست بدەن کاتێک کە ئارەزووی سێکسییان دەدۆڕێنن.

ئەوە حەزەکانن کە بیر و بۆچوونەکان دەگۆڕن و دروستیان دەکەن. ئەوە سۆزەکانمانن کە جڵەوی سۆزەکانمانیان کردووە و، ئەوە حەزەکانمان کە لە حەزەکانمان دەمانپارێزن.

کاتێک کە هەست بە لەدەستدانی خرۆش و جۆش

بـۆ حەزەکانمـان دەکەیـن، ئەقڵەکانیشـمان دیسـان چالاکییـان لـە دەسـت دەدەن.

چاکەخوازیـی هیـچ شـتێکی تـر نییـە بێجگـە لـە حـەز. هەوڵـی پەیداکردنـی چاکەخوازیـی لـە ڕێـگای لاوازکردنـی حەزەکانـەوە وەک هەوڵـی پەیداکردنـی شـتێکە بـە لەناوبردنـی ئـەو شـتە، وەک هەوڵـی بەهێزکردنـی بینینـە بـە هەڵکۆڵینـی چـاو.

خـودا ئـەم دونیایـە و ئـەم گەردوونـەی تەنهـا لـە هەوڵـی گـەڕان بـە شـوێن بەختەوەریـی بـۆ خۆیـدا ددروسـتکردووە.

ڕاسـتگۆیی و ئـاکار چەشـنێکە لـە هونـەر، حـەز و توانـا و ویسـت و بەهـرە و ژیریـی و هەلومەرجێـک پێشـوازیی ئـەوە دەکـەن و مامەڵـەی دەکـەن، بەبـێ پیرۆزیـی یاخـود پێغەمبەریـی ڕەنگـی دەکـەن.

ئـاکار شـەڕێکە بەهێزتریـن چەکـە زاڵـەکان تیایـدا

سـەردەکەون. شـەڕەکانیش لەڕاسـتییدا حـەزەکان دروسـتیان دەکـەن و یەکلاییـان دەکەنـەوە. چونکـە ئـاکار ئـەو حەزانـەن کـە لەگـەڵ هەلومەرجەکانیانـدا گونجـاون.

ئـاکار لای مـرۆڤ و ئـەو داوەرییـەی کـە داوەریی ئاکار دەکات بـە گۆڕانـی دۆخـە کۆمەڵایەتییەکـەی یاخـود دۆخـە دەروونییەکـەی یاخـود دۆخە تەندروسـتییەکەی دەگۆڕێـن. هـەر ناهاوسـەنگییەک لـە یەکێـک لـە ڕژێنەکانیـدا یاخـود لـە جگەریـدا هەسـت و بۆچـوون و بیرکردنـەوە و وەڵامدانـەوە ئاکارییەکانـی دەگـۆڕن. مرۆڤـە لاوازەکان بەشـێوەیەکی جیـاواز لـە مرۆڤـە بەهێـزەکان وێنـای ئـاکار دەکـەن.

ئەوانـەی کـە نازانـن پێبکەنـن ڕەنگـە لـە کۆتاییـدا گریـان بکـەن بـە یاسـا و وەک بەندایەتیی و پەرسـتش بانگـەوازی بـۆ بکـەن.

تایبەتمەندییەکانی خوداکانی مرۆڤ لە نێو زاتی مرۆڤدان، نەک لە نێو زاتی خوداکاندا.

ئێمــە تەنهــا بــە حەزێکــی بەهێزتــر دەتوانیــن لــە بەندایەتیــی حەزێــک بێینــە دەر یاخــود هەڵکفانــی حەزێــک بدەینــە دواوە.

چەنــد زۆرن ئــەو خوداناســانەی هــەر تاوانێــک کــە بتوانــن دەیکــەن، لــە کۆتاییــدا بــە تۆببەکــردن یاخــود فرەیــی بەخشــین پشــت دەبەســتن.

هــەر ئایینێــک بــەو ئەندازەیــەی کــە بــە گوێــی حەزەکانمــان دەکات کاریگەریــی لەســەر ڕەفتارەکانمان هەیــە.

ئەوانــەی کــە لــە هــەر کەس زیاتر باوەشیان بە دونیادا کــردووە، ئەوانــەن کــە بەهێزتریــن و بێپەردەتریــن و ئابڕووبەرتریــن پەســندانیان بــۆ حەزەکانــی ئەودونیــا داهێنــاوە. ناحەزتریــن شــێوازی ســەرنجبەریی و هۆگرەتییــان بــۆ حــەزە چاوەڕوانکراوەکانــی ئەودونیــا هێنــاوە. ئەوانەیــش کــە شــاعیر بــوون لــە پەســندانی ژنانــی ئەودونیــا بەدڵنیاییــەوە لــە ئارەزووکردنــی

ژنانـی دونیـادا ئێجـگار بەئاڵـۆش بـوون. ئـارەزووی ئەوەیـان کـردووە کـە لێـرە هەیـە، هـەر بۆیـە وەکـو شـاعیر باسـی ئەوەیـان کـردووە کـە لـەوێ هەیـە.

حـەزەکان ئـەو ئەسـپە ڕەسـەنانەن کـە هەمـوو مرۆڤـە مەزنەکانیـان لەسـەر زینەکانیـان هەڵگـرت تـا گەورەتریـن شـوێنەکانی دونیـا داگیـر بکـەن.

پڕچەککردنـی تاکەکەسـەکان بـە بڕێـک حـەزی بەهێـز، وەک پڕچەککردنـی لەشـکرەکانە بـە بڕێـک چەکـی بەهێـز، هیـچ کامیـان بەبـێ ئـەو هیـچ خێرێـک یاخـود هیـچ واتایەکیـان نییـە.

هـەر مـرۆڤ یاخـود گەلێـک خـرۆش و جـۆش لەدەسـتبدات، هەمـوو تواناکانـی پەکیـان دەکەوێـت.

مەزنتریـن شـت کـە مـرۆڤ بتوانێـت بـە هۆیـەوە بەسـەر هـەر شـتێک لـە بووـنـدا زاڵ ببێـت، بەهـرە و توانـای ئاڵنگارییـە.

ئـەی ئـەو گەلانـەی کـە سـۆراخکردنی چاکەخوازیـی شـەکەتی کـردوون! خراپەخوازیـی ئەزمـوون بکـەن، ڕەنگـە ئـەو چاکانـەی تێـدا بدۆزنـەوە کـە نیتانـن.

خـودا نایەوێـت بەتەنهـا هـەر ئێمـە خوانـاس بیـن و بێجگـە لـە ئێمـە خوانەنـاس بـن، ئـەوان کاری حـەزەکان و بلیمەتیـی حەرامکـراو و داهێنـان و ژیـان بکـەن و، ئێمەیـش کاری چاکەکاریـی بـۆ مـەرگ و گوێڕایەڵیـی و تـرس بکەیـن، ئـەوان شارسـتانیی دروسـتبکەن، ئێمەیـش کاری ڕاسـپێریی و بنەمـاکان و پێغەمبـەران بکەیـن.

مرۆڤـە لاوازەکان لـە ئـاکارەوە نزیکتـرن چونکـە لـە سـەرپێچییکردنیدا بێتواناتـرن، هـاوکات مرۆڤـە لاوازەکان لـە ئـاکارەوە دوورتـرن چونکـە لـەوە بێچارەتـرن کـە بـەدی و بەدەسـتی بهێنـن.

زانسـت و ژیـان ئـاکار دروسـتناکەن، بەڵکـو هێـز دروسـتدەکەن. هێـز هەمیشـە لـە دژی ئـاکارە، هـەر بۆیـە لـە داهاتـوودا پێشـبینیی گەشـەکردنی ئـاکار ناکرێـت، بەڵکـو پێشـبینیی گەشـەکردنی هێـزی

مـرۆڤ دەكرێـت.

ئەگـەر بـە هـەق و ڕاسـتييەوە پابەندبـم و ڕێـزی لـێ بنێـم لەبـەر ئـەوە نييـە كـە مـن چاكەخـوازم، ئەگـەر بـە ناهـەق و ناڕاستييەوە پابەندبـم لەبـەر ئـەوە نييـە كـە مـن خراپەخـوازم، بەڵكـو لەبـەر ئەوەيـە كـە لـە هـەردوو دۆخەكـەدا مـن مرۆڤـم. مـن هەميشـە ئـەوە دەكـەم كـە خۆمـم.

مـن وەک ياسـا بيردەكەمـەوە و دەدوێـم، بـەڵام وەک سروشـت دەژيـم و بـەركار دەبـم و هەڵـە دەكـەم.

هەڵوێسـتی مـرۆڤ لەگـەڵ مرۆڤەكـەدا لە دايـک نابێت. هەمـوو مرۆڤێـک بەبـێ هەڵوێسـت دێتە دونيـاوە، دواتر لـەوێ لـە دونيـادا لـە سـای ژمارەيەكـی بێئەژمـار لـە شـيمانە ياخـود ئەگـەری گەوجانـەدا هەڵوێسـتی خـۆی دروست دەكات.

هەر كەس كە دەرفەتی بوون بە خوێڕيی بۆ نەڕەخسا، بە پاڵەوانی ناودێر دەكەين.

خاوەن ڕەوشت ئەو کەسەیە کە جارێک ڕاست دەڕوات، تاکو دەیانجار درۆ بکات.

چەند پووچە ژیان ئەگەر تەنها ئەوەی کە دەیکەین بیرلێبکەینەوە و باوەڕمان پێ هەبێت.

ئەوانەی کە کاری ڕاست دەکەن لەبەر ئەوە نایکەن کە ڕێز لە لۆژیک دەنێن. ئەوانەیش کە کاری چەوت دەکەن لەبەر ئەوە نایکەن کە ڕێز لە لۆژیک دەنێن. شارستانیی یاخود ئاکار یان نەبوونیان نە لۆژیکە و نە نەبوونی لۆژیکە. بەڵکو توانا یاخود نەبوونی توانایە. داهێنەرترین و شارستانییترین و ئاکاربەرزترین خەڵکیی، لۆژیکییترین خەڵکیی نییە.

کاتێک کە لە بڕێک مشتومڕ و زۆرانبازیی دیالەکتیکانەدا بەیەکدا هەڵدەشاخێین، لەڕاستییدا ئەقڵمان بەکارناهێنین، بەڵکو دەمار و کرژییەکانمان و دەستەکانمان لە دوورەوە بەکاردەهێنین. ئەو کەسەی کە بە ئەقڵی دەجەنگێت لەڕاستییدا بەو

دەستانەی دەجەنگێت کە لە پشت وشەکانییەوە شاردونیەتییەوە.

تۆ، ئەگەر لۆژیکی خۆتت لە دژی مرۆڤێک بەکارهێنا، دەتەوێت ئەو مرۆڤە بکوژیت یاخود جوێنی پێ بدەیت یاخود بۆڕ بدەیت، ناتەوێت فێری بکەیت. ئەوکات تۆ جوێندەریت، نەک فێرکار.

مرۆڤ بۆ ئەوە بیرناکاتەوە یاخود نادوێت تاکو دۆخێک دروستبکات، بەڵکو بۆ ئەوەی دۆخی خۆی بخاتەڕوو. ئێمە بۆ ئەوە گوێ لەو کەسە ناگرین کە بیردەکاتەوە یاخود دەدوێت تاکو لێوەی فێرببین یاخود لەوە بکۆڵینەوە کە دەیبیستین، بەڵکو بۆ ئەوەی داکۆکیی لە دۆخێک بکەین کە دەژین یاخود ئاواتی بۆ دەخوازین یاخود دەمانەوێت.

من بۆیە بیردەکەمەوە چونکە دەژیم. ناژیم چونکە بیردەکەمەوە. بۆچوون و بیرەکانمان هەمیشە گوزارشتن لە خۆمان، خۆمان گوزارشت نین لە

بۆچــوون و بیرەکانمــان. هەمــوو ماشــێنێک کاری خــۆی دەکات، کاری ماشــێنەکە ماشــێنەکە نــاکات.

ئێش و ئـازارەکان دەشـێت ببنـە بیـر، بـەڵام بیـرەکان نابنــە ئێــش و ئــازار. بەدبینیــی دەشــێت ببێتــە بیرکردنــەوە، بــەڵام بیرکردنــەوە نابێتــە بەدبینیــی. ئەگــەر بیــرەکان خەڵکییــان دروســتکردبا دەتوانــرا لــە ڕێــی بەخشــینی مەزنتریــن بیرەکانــەوە پێیــان مەزنتریـن میللەتـان دروسـتکرابان. میللەتـە مەزنـەکان بیــری مــەزن دادەهێنــن، بــەڵام بیــرە مەزنــەکان میللەتانــی مــەزن داناهێنــن.

دەشـێت هەمـوو شـتێک، بـە هـۆی ئـەو شـتەوە کـە دەشـێت بـە ڕەمەکـی شـتەکان ناودێـر بکرێـت، کاری خـۆی بەجـێ بهێنێـت.

پێغەمبــەران لەبەرئــەوە نەنێــردراون بــۆ خەڵکیــی و لەبەرئــەوە سروشــیان بــۆ ڕەوانــە نەکــراوە کــە لــە بوونەوەرەکانــی تــر باشــتر و پەســەندترن،

بەڵکو لەبەرئەوەی لە بوونەوەرەکانی تر بوێرتر و بەتواناترن لە هەڵبەستن و درۆکردن بەناوی بوونەوەرە دوورە بێدەنگەکانەوە.

پڕقینترین فەیلەسووف لە جیهان و ئەو خواوەند و مەزن و حەزانەی کە تێیدا هەن، لە ڕووی وابەستەبوونیەوە بە ژیان و قایلبوون بەو ڕیسواییەی کە تێیدا هەیە، هیچی کەمتر نییە لە سادەترین خەڵکی و پڕباوەڕترینیان بە دانایی و گەردوون و پڕمتمانەترینیان بەو خواوەندانەی کە دروستیانکردووە و هەموو نهێنی و ژیریی و بەزەییەکی خۆیانیان تێدا دا ناوە.

شت بۆ ئەوەی کە بوونی خۆی بژی، پێویستی بە بەهانە، تەنانەت لەلایەنی خۆیشییەوە، نییە. بوونی شت بەهانەی شتەکەیە.

لۆژیک، لە هەموو دۆخەکانیدا، مرۆڤە.

ئاییــن و بیــر و خواوەندەکانــی مرۆڤــەکان گوزارشــت نەبــوون لــە ترســیان لــە گــەردوون و لــە هەوڵەکانیــان بــۆ لێکدانــەوەی و گونجــان لەگەڵیدا، بەڵکو گوزارشــت بــوون لــە ترســیان لــە خۆیــان و لــە هەوڵەکانیــان بــۆ لێکدانــەوەی و گونجــان لەگەڵیــدا.

جیاوازیــی خەڵکیــی لــە بۆچــوون و باوەڕەکانــدا واتــای جیاوازییــان لــە لێکدانــەوەی گەردوونــدا ناگەیەنێــت، بەڵکــو واتــای جیاوازییــان لــە لێکدانــەوەی خۆیانــدا دەگەیەنێــت.

لۆژیکی مرۆڤ هەوڵی مرۆڤە بۆ تێگەیشتن لە گەردوون تاکو لەگەڵیدا بگونجێت.

هەمــوو شــتێک لــە گەردوونــدا بەرقەولــی تابلۆیەکــی یاســاییە هەمــوو بەشــەکانی لەخۆدەگرێــت، وەک چــۆن یاســای زانســتیی و ماتماتیکیــی هەمــوو بەشــەکانی ئــەو یاســایە لەخۆدەگرێــت، واتــە وەک چــۆن شــت، خــۆی لــە خــۆی دەگرێــت.

ناشێت یاساکانی بوونی شت هەبن و پاشان ئەو شتە خۆی بوونی نەبێت.

یاسا زانستییەکان هیچی تر نین بێجگە لە بڕێک یاسای گەردوونیی کە لە وشەدا داڕێژراون- واتە یاساکانی گەردوون و لۆژیکی گەردوون بوونەتە لۆژیکێکی مرۆیی.

تێکڕای جیهان و هەموو چەشنەکانی زانین لە گەردوونەوە وەرگیراون، بەڵام گەردوون لە هیچ شتێکەوە وەرنەگیراوە. ئێمە بە ئەندازەی گەردوونین و، گەردوون بە ئەندازەی هیچ کەس نییە.

بوونی هەوەڵێکی بێهەوەڵ بێ چەند و چوونە. هەوەڵی بێهەوەڵیش لە هیچ شتێکەوە وەرنەگیراوە، ناشێت زانستیی یاخود ئاکارییش بێت.

هیچ جیاوازییەک لە نێوان دروستکردنی پێنووسێک و دروستکردنی هەسارەیەکدا نییە کە ڕەوانە دەکرێت تاکو بە نێو کۆمەڵە گەردوونییە لەڕادەبەدەرەکاندا بگەڕێت، چونکە هەردووکیان بەرقەولی بڕێک یاسای بێ چەند و چوونن.

واتای یەکەی یاسایی واتایەکی گەورەیە. زانینی یاساکانی یەکێک لە یەکەکانی ئەم گەردوونە و جڵەوکردنی هەمان بیرۆکە دەربارەی تێکڕای یەکە هاوشێوەکانی دیکە دەدات.

ئەرکی لۆژیکی مرۆڤ ئەوەیە کە بەگوێی یاسا گەردوونییەکان بکات تاکو بیانگۆڕێت بۆ بڕێک یاسای زانستیی و پێشەکیی بڕێک ئەنجام.

هیچ ناوچەیەک لە ناوچەکانی گەردوون نییە کە بە لۆژیکی مرۆڤ حەرامبێت، چونکە هیچ ناوچەیەک لەم بوونەدا نییە ئەو یاسایانە فەرمانڕەوایی نەکەن کە پۆلێنکراوی لۆژیک و لێکدانەوەکانی مرۆڤن.

هەمــوو بیریــارە خواپەرســتەکان بڕوایــان وایــە ئــەو بیرۆکەیــەی کــە ئــەوان لــەم بوونــەدا بــە پەخــش و بڵاوی دەبینــن مەزنتریــن بەڵگەیــە، هەر خــۆی بەتەنها ســەلمێنەری بوونــی ئەفرێنــەری بیرمەنــدی داڕێــژەری ئەفرێنراوەکانێتــی بــە هــزر و لۆژیکــی تاهەتایــی. ئــەوان بڕوایــان وایــە کــە گــەردوون بــە هــۆی بیــرەوە داهێنــراوە و ڕێکخــراوە و مــاوە و دەمێنێــت. بــەم هۆیەیشــەوە بڕوایــان وایــە کــە بیــر لــە پێــش بوونــە چونکــە بــوون بــە هــۆی بیــرەوە پەیدابــووە، نــەک بەپێچەوانــەوە. کەواتــە بــێ ئــەولاو لایــە کــە بیــر باوکــی بوونــە. بــەم پێیــە هیــچ شــتێک لــە ســەروویەوە نییــە و هیــچ شتێکیشــی پــێ حــەرام نییــە.

ئێمــە ناتوانیــن بەبــێ بوونێکــی ماتەریالیــی کــە لۆژیــک و بیرەکانــی خۆمانــی لــێ وەردەگریــن و لەســەری پێچەوانــە دەکەینــەوە و پێــی دەپێویــن، بیربکەینــەوە یاخــود بڕێــک یاســای لۆژیکیــی دابنێیــن. چونکــە لۆژیــک و بیرکردنــەوە جووڵــەی ماتــەر و، پێودانــی ئەو جووڵەیــەن. بەڵکــو تەنانــەت نــە لۆژیــک و نــە بــوون هــەن، ئــەوەی کــە هەیــە ماتەریالێکــە تایبەتمەندیــی خــۆی هەیــە. ئــەوە هۆشــیاریی و هەســتکردنمانە بــەو

تایبەتمەندییــە ماتەریالییانــە کــە بــە لۆژیــک یاخــود بیــر یاخــود مەبەســتێکی ڕێکخــراو ناودێــری دەکەیــن.

مەزەندەکردنــی بوونــی بیرۆکەیــەک لــە دەرەوەی ماتەریالــدا، وەک مەزەندەکردنــی بوونــی نموونەیەکــە لــە دەرەوەی ماتەریالــدا.

لۆژیک بە ڕاستیی دەناسرێت، بەڵام ڕاستیی بە لۆژیک ناناسرێت.

لۆژیکی مرۆڤ لۆژیکی ویستە بەو جۆرەی کە پێویستە. بەڵام لۆژیکی گەردوون لۆژیکی شتە بەو جۆرەی کە هەیە.

هیــچ شــتێک لــە ســەروو ئەقڵــەوە نییــە. بیرکردنــەوە ڕەنگدانــەوەی گەردوونــە لەســەر مــرۆڤ. ئــەو شــتەی کــە ئێمــە لــە هەمبــەری هەســت دەکەیــن، دەبێــت لــە هەمبــەری بیــر بکەینــەوە. بیــر جووڵەیــە و، شــتێک نییــە لــەم گەردوونــەدا کــە نەجووڵێــت تەنانــەت

ئەگەر ئێمە ئەوەیشمان بووێت.

ئەوە وزەی دەروونییە کە دەبێت بە خودا و شەیتان و، پەرستگا و تیاترۆ و، گۆرانی و نوێژ و نزا.

کۆتە هزرییەکان بۆ هەموو کۆمەڵ و جڤاکەکان پێویستن، پێویستن، نەک چاکە.

باوەڕبوون بە خودا، خودا پیس دەکات و گەردوون و مرۆڤ دەداتە دواوە. بەڵام باوەڕبوون بە گەردوون، خودا دەداتە دواوە. هەرچی باوەڕبوونیشە بە خودا و گەردوون و مرۆڤ، باوەڕ و ژیریی ڕسوا دەکات.

ئێمە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کەسێک نابینین وێرابێتی لەسەر بۆچوون یاخود هەڵوێستی خۆی پێ دابگرێت ئەگەر تیایدا شیمانەی مەرگ یاخود ئەشکەنجە بژی.

ئێمە هەموومان پاڵەوانین- ئەگەر پاڵەوانیی لە مەزەندەی ئێمەدا واتای قازانج و ناوبانگ بگەیەنێت.

پاڵـەوان ئـەو مرۆڤـە نییە کـە لەگەڵ نەیاراندا دەچێتە نێـو بڕێـک شـەڕی نەبـڕاوەوە، هەروەهـا ئـەو مرۆڤەیش نییـە کـە نەیـاران دادەتاشـێت. پاڵـەوان ئـەو مرۆڤەیـە کـە ژیـان و ئازادیـی بـۆ مـرۆڤ دەسـتەبەر دەکات. ئەگـەر، بەبـێ نەیـار و نەیارێتییـش، توانـی ئــەوە بـکات، ئەمـە ئـەو سـەرکەوتنەیە کـە ئەسـتێرەکان هوتافـی بـۆ دەکێشـن.

سـەرچاوەی پاڵەوانێتیـی ئەقڵێکـی بـاڵای بـڕوادارە بـە بڕێـک بیـری بـاڵا، لـە هەمـوو بوونیشـدا هێزێـک نییـە لـە هێـزی بیرۆکـەی مـەزن بەهێزتـر بێـت.

پەلاماردانــی ئــازار چەشـنێکە لــە بیرکردنــەوەی دژوارانـە. مەزنیـی سەرکێشـییش لـە بەهـای ئامانـج دابــڕاو نییــە.

هێــزی هەڵوێســتەکان ڕەنگــە لــە هێــزی ژیانــەوە وەرگیرابێــت، نــەک لــە هێــزی بیرەکانــەوە، هێــزی بیرەکانیــش لــە هێــزی ژیانــەوە وەرگیــراوە نــەک

بەپێچەوانــەوە.

ئــەو میللەتانــەی کــە لــە بیرەکانیانــدا گــەورەن لــە ئاکاریشــیاندا گــەورەن. چونکــە چێــژی ئازارچەشــتن لەپێنــاوی بیرۆکــەی گــەورەدا لــە خــودی ئــازار خــۆی گەورەتــرە.

هیچ شتێک لە هێزی ژیان سەرووتر نییە تەنها ویستی هزر نەبێت.

ئــەوەی کــە لــە ژێــر ســەردێڕی بیرۆکەیەکدا یاخــود بەبــێ بیرۆکەیــەک خــۆی دەکوژێــت، لــە شــەهیدی هــەر شــەڕێک جوامێرتــر و ئازاتــرە.

ئێمــە بــەوە خۆمــان بەســەر خەڵکــی ســەر زەویــدا بادەدەیــن کــە بەتەنهــا ئێمــە ئــەو یەکتاپەرســتانەین کــە یــەک خــودای زۆر گــەورە دەپەرســتین کــە هیــچ هاوبەشــێکی بــۆ پەیــدا ناکەیــن. بــەڵام هەیهــو

ئـەو بتانــە چەنـد زۆرن کـە دەیانپەرسـتین، هەیهـو بتەکانمــان چەنـد زۆرن!

ئـەو مرۆڤـەی کـە نوێـژ بـۆ خـۆر یاخـود بـت یاخـود بـەرد یاخـود ئـاژەڵان دەکات، لـە ڕووی هاوبـەش بـۆ خـودا بڕیاردانـەوە، هیـچ لـەو مرۆڤە هاوبـەش بۆ خودا بڕیاردەرتـر نییـە کـە بیـر و بـاوەڕ و سیسـتەمەکەی نوێـژ بـۆ مردوویەکـی یەکجـار دوور لە ئێمـەوە دەکات.

حـەزی تاوسـەندوو بەهێزتریـن چەکـی ژیانـە، مرۆڤـی بەئاڵـۆش پتـر لـەوە ژیـان دەکات کـە مرۆڤـی سـارد ژیـان دەکات. بـەڵام ئـەم چەکـە چەکێکـی کوێرانەیـە، تـا ئـەو کاتەیـش کـە ئەقـڵ دەیگرێتـە دەسـت ئاژەڵـە. ئــەودەم دەبێــت بــە بینــا و، دەبێــت بــە مرۆڤێکــی چاوسـاغ.

هیـچ ئایینێـک نەدەبـوون ئەگـەر سـۆزەکان بوونیـان نەبووایـە، بـەڵام سـۆزەکان بەبـێ ئایینـەکان هـەن.

بــێ چەنــد و چوونــە کــە دەردە و نەخۆشــیی و ئێـش و ئـازارە دەروونییەکانمـان ببـن بـە سـەرکردە

و بانگەوازچـی و پێغەمبـەران. نەخۆشـخانە ئەقڵیـی و دەروونییـەکان قەرەباڵغتریـن شـوێنەکانی سروشبەخشـان و مرۆڤدۆسـتانن - نزیکتریـن ڕێگاکانیشـن بـۆ گەیشـتن بـە ئاسـمان.

ئەگـەر دروسـتییی ئاییـن لـە ڕێـی ئەقڵـەوە فێرکرابێـت، کەواتـە داوەریـی ئەقـڵ سـەبارەت بـە ڕا و تەگبیـری ئاییـن دروسـتە و، بـەم پێیـە، بۆی هەیـە هەمـوو کاتێـک داوەریـی بـکات، چونکـە ئـەو خـۆی شـایەدێتی. ئەگـەر ئێمـە، سـەرباری ئـەو گریمانەیـە، لـە ئەقـڵ بەدگومـان بووین، ئـەوکات ئـەم بەدگومانییە بەدگومانیـی دەبێـت لـە خـودی ئاییـن خـۆی لـەوەی لـە پێشـتر.

ئـەو مرۆڤـەی کـە بـە هـۆی ئەقڵییـەوە دەرک بـە خودا و بـە بوونـی دەکات، دەبێـت بـە هـۆی ئەقڵییـەوە دەرک بـە هەمـوو شـتێک بـکات.

لـە ئایینەکانـدا ڕاوێـژ و پـرس بـە ئەقـڵ نەکـراوە،

بەڵکو پەنا بە شێوازی تەڵقین و فێرکردن و لە پەستا براوە. چونکە مرۆڤانێک کە لە سای هەر ئایینێکدا لە دایک دەبن، دەبنە شوێنکەوتەی ئەو ئایینە.

خەڵکیی ئایینەکانی خۆیان دەدۆزنەوە وەک چۆن نیشتمان و خاک و ماڵ و باوانی خۆیان دەدۆزنەوە، تەنها دەیدۆزنەوە و بە شوێنیدا ناگەڕێن یاخود باوەڕی پێ ناهێنن یاخود تێیناگەن یاخود هەڵیناب‌ژێرن.

خەڵکیی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا باوەڕدەهێنن، پاشان بیرناکەنەوە، یاخود بیر لەو شتە دەکەنەوە کە وایان لێ دەکات بیرنەکەنەوە.

ئەگەر ئایینەکان بەرقەولی داوەریی ئەقڵ بوونایە ئەوکات ناکۆکییەکانی نێوانیان بەرتەسک و کەمدەبوونەوە، یاخود ئەوکات هەموویان لە نێو یەک ئاییندا تێهەڵکیش دەبوون و یەکانگیر دەبوون وەک ئەوەی کە لە بابەتە پیشەسازیی و زانستییەکاندا ڕوویداوە کە ئەقڵ دایهێناوە، یاخود

ئـەوكات دەمانبينـی مرۆڤـی بـاوەڕدار بـە هەمـان سـادەيی جێهێشـتنی هزرێـک بـەرەو هزرێكـی دیکـە و شـوێنێک بـەرەو شـوێنێكی تـر، ئايينێكـی بـەرەو ئايينێكـی دیکـە جێدەهێشـت.

ئايينـەكان تەنهـا لـەو شـەڕانەدا سـەردەكەون كـە خۆيانـی لـێ دەپارێـزن. چونكـە نـە بـە ئەقـڵ دەجەنگـن و نـە لـە دژی ئەقڵيـش دەجەنگـن، واتـە لەگـەڵ ئەقڵـدا ناچنـە نێـو شـەڕی والآوە هـەر بۆيـە بـەردەوام هـەر بـراوە بـوون!

ئاسـمان، ئەگـەر هەمـوو پێغەمبەرەكانـی خۆيمـان بـۆ ڕەوانـە بـكات و داوای دەسـتهەڵگرتن لـە باوەڕمـان لـێ بكـەن و هەمـوو پەرستشـێكمان لـێ قەدەغـە بكـەن، ئـەوكات ئێمـە لـە هەمـوو پێغەمبـەران ياخيـی دەبيـن و لەسـەر بـاوەڕ و نوێـژ و نـزا و پەرستشـی خۆمـان بـەردەوام دەبيـن. چونكـە پەرسـتش كـردەی خاڵييكردنـەوەی ڕۆحيـی و، كارێكـی سێكسـييە كـە ڕۆح بـۆ خـودی خۆيـی دەكات نـەک بـۆ خواوەندەكان.

ويستمان، وێنامان كرد، باوەڕمان هێنا، قايل بووين.

ئەو ئەقڵەی دژبەر نەبێت ئەقڵێکی مردووە. ناشێت هیچ مرۆڤێک هەموو ژیانی خۆی لەسەر تاکە یەک داوەریی بچەسپێنێت.

ئەقڵ دەگۆڕێت چونکە شتێکی بەهێزە. لەبەرئەوەی شتی بەهێز لەسەر بارێک جێگیر نابێت. هەروەها بەهێز لە لاواز و لە بێجگە لە شت گۆڕاوترە. نەبوو، هەمیشە چەسپاوە، چونکە هیچ شتێکە.

دژبەریی ئەقڵ لاوازییەک نییە لە ئەقڵدا، بەڵکو واتای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو لە چەند بوارێکدا کار دەکات و ڕووەو هەموو ئاراستەکان دەڕوانێت. ئەوە ئەقڵە کە دەرک بە دژبەریی ئەقڵ دەکات. چونکە دژبەریی و دەرککردن بە دژبەریی دوو شێوازی ئەقڵیین. هەروەها دەرک بە پووچیی ئەقڵ و شکستەکانی دەکات. ئەقڵ، وەک ڕەخنەکار و ڕەخنەکراو، تێکڕای زانینە.

خوڕافە و بیری نەشیاو بەردەوامیی دەخوازێت،

هەروەهـــا خورافـــە و بیـــری نەشـــیاو لـــە ڕاســـتیی بەردەوامتـــرە.

ئەقڵ، کاری بوونی هەستەکییە.

ئەگـــەر ئەقـــڵ داوەریـــی بـــکات، داوەرییەکـــەی بـــەو جۆرەیـە کـە تەنها جووڵـە دەبینێـت و ڕاڤـە دەکات.

گەردوون و لۆژیکی گەردوون، خودا و لۆژیکی خودان. ئـەی ئەگـەر مرۆڤـەکان داوایـان لـە فەرمانڕەواکانیـان کـرد بـە لۆژیکـی گـەردوون فەرمانڕەوایـیـان بکـەن چـی؟!

خـوداکان نـزای ئەوانـە گیـرا ناکـەن کـە ڕووی نزایـان لـێ دەنێـن و نوێژیـان بـۆ دەکـەن، بەڵکـو ئـەوان ئـەو کارە دەکـەن کـە ئەرکـی سـەر شـانە و دروسـتە. کەواتـە بۆچـی نوێژیـان بـۆ دەکرێـت و ڕووی نزایـان لـێ دەنرێـت؟ مەگـەر ڕووبـار ڕووی نـزای لـێ دەنرێـت

و نوێـژی بـۆ دەکرێـت تاکـو ئـەو کارە بـکات کـە دەیـکات؟!

ئـەوە چ ئەفرێنەرێکـە ئـەو ئەفرێنـەرەی کـە وا لـە ئەفرێنراوەکـەی دەکات پێویسـتی بـە ئێـش و ئـازار و گلاوبـوون و مەینەتییکێشـان و پـەژارە و خـەم هەبێـت تاکـو ئەفرێنراوێکـی بەختـەوەر بێـت؟!

ئـەوەی کـە خراپـە دەئەفرێنێـت و، هیـچ پێویسـتی بـە خراپـە نییـە و دەتوانێـت ئـەو کارە نـەکات، زۆر لـەوە بەدتـرە کـە ئـەو کارە دەکات و پێویسـتی بـە خراپەیـە و ناتوانێـت ئـەو کارە نـەکات.

ئـەوەی کـە یاسـاکەی بریتییـە لـە سـەپاندنی یۆتۆپیـا، چـۆن داناییەکـەی بریتییـە لـە دەرچـوون لـە یۆتۆپیـا؟!

خـودا چـۆن لـە پـای برێـک شـت سـزا دەدات کـە خـۆی دەیانـکات- لـە کاتێکـدا کـە خەڵکیـی بـە

پاڵنــەری حــەز و پێویســتیی ئــەو شــتانە دەکــەن و، ئــەو بەبــێ پاڵنــەری حــەز و پێویســتیی ئــەو شــتانە دەکات؟!

تــۆ و دژبەرەکــەت، هەردووکتــان بــاوەڕی خۆتــان بــە لۆژیــک دەزانــن، هەردووکتــان شــەیتانەکەی خۆتــان بە وەلــی دەزانــن، هەردووکتــان پێتانوایــە کــە خــودا تەنها پشــت و پەنــای خۆتانــە.

ئەگــەر داوای ئــەوەت کــرد کــە خەڵکانــی تــر لۆژیکیــی بــن، مەبەســتت ئەوەیــە کــە لەگــەڵ تــۆدا بگونجێــن، چــاو لــە تــۆ بکــەن، پــێ لــە بۆچوونــت بنێــن. هــەر کــەس مکوڕانــە پــێ لەســەر لۆژیکــی خــۆی دابگرێــت، مکوڕانــە پــێ لەســەر خــۆی دادەگرێــت.

ئەوانــەی کــە بەرقەولــی لۆژیــک نیــن، لۆژیکســازانن. هەرچــی ئەوانەیــە کــە بەرقەولــی لۆژیکــن بــەردەوام بێلۆژیــک دەمێننــەوە، چونکــە ئــەو لۆژیکــەی کــە بەرقەولــی هــەن هەمــوو لۆژیکێکیــان لــێ حــەرام

دەکات.

لۆژیکێکی دەمارگیر و لۆژیکێکی بەخشندە بوونی نییە، بەڵکو خەڵکانێکی دەمارگیر و خەڵکانێکی تری لێبووردە هەن. چونکە لۆژیکەکەمان وێنەکەمانە، ئێمە وێنەی لۆژیکەکەمان نین.

لۆژیک، هەروەها بەو چەشنەی کە بووە، بوونی لە نێو خۆیدا نییە، هەروەها لە ئێمە دابڕاو نییە و لە نێو شت خۆیدا بەدیهاتوو نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی وێناییە لە نێوان بوونەوەر و خۆیدا و لە نێوان بوونەوەر و هەلومەرجە دەرەکییەکەیدا دروست دەبێت.

لەڕادەبەدەر خراپ دەتوانێت لەڕادەبەدەر چاک بێت، بەوەی کە زێدەڕۆیی لە پەسندانی خودا و سەروەرییە نەتەواوایەتییە نەمرەکاندا بکات، بەڵام بە ڕەفتاری بە هەموو شێوازەکانی قین قینی لێی ببێتەوە.

«خودا لەوە خۆشنابێت کە هاوبەشی بۆ بڕیار

بدرێــت و لــە بێجگــە لەمــە خــۆش دەبێــت» (٣)، کەواتــە چــۆن لــە کەسـێک خـۆش دەبێـت کـە بـاوەڕی بــە بوونــی نییــە؟!

ئایـا ئـەو ناخوداباوەڕانـەی کـە خوداباوەڕان لەسـەر بلیمەتییـان دەژیـن لـەو خوداباوەڕانـە ئاکارپەسـەندتر و باوەڕدارتــر نیــن کــە هەمیشــە لەســەر ژیریــی و هێـزی بێجگـە لـە خۆیـان دەژیـن؟

مرۆڤـی داوێنپیـس، داوێنپیسـییەکەی لـە هـەر جۆرێـک بێـت، وەکـو بیرمەنـدی بەرهەڵسـت لـە بیرکردنەوەیـدا خراپــەکار نییــە.

ئاییــنــە بەهێــزەکان هەمیشــە ســەربازانی دڵســۆزی ســتەمکاران و چەوســێنەرانن. جەماوەریــش، وەک چــۆن بــە هــۆی ســوپای بەهێــزەوە فەرمانڕەوایــی دەکرێــت، بــە هــۆی خوڕافــە و بیــری نەشــیاوی بەهێزیشــەوە فەرمانڕەوایــی دەکرێــت.

زۆر دژوارە هەمیشـە ئـەو کارە بکەیـت کـە خەڵکیـی قایـل دەکات. بـەڵام ئاسـانە بـاوەڕ بـەوە بهێنیـت یاخـود ئـەوە بڵێیـت کـە قایلیـان دەکات!

هــەر گازەکەرێـک یاخـود فەرمانڕەوایـەک یاخـود سـەرکردەیەک کـە جیهـان بـەو چەشـنە ناسـیویەتی کـە مەزنتریـن کەسـە بەیداخـی گازکـردن بـۆ ئاییـن و ئاکارپەسـەندیی کـردووە، ئەگـەر بـە دەقەکانـی ئـەو ئاییـن و ئاکارپەسـەندییە یاخـود ڕۆحـی ئـەو ئاییـن و ئاکارپەسـەندییە داوەریـی بکرێـت، لەسـێدارەدان سـزا خاکییەکـەی دەبێـت.

هەمـوو ئەوانـەی کـە باوەڕیـان بـە خـودا هەیـە، وەک مـردوو و وەک لەخاچدراوێـک باوەڕیـان پێیەتـی.

پەرسـتگا زۆر و زەوەنـدەکان، لـە هەمـوو شـوێن و جـێ و سـەردەمێکدا، لـە گـۆڕی خـوداکان بـەولاوە زیاتـر نیـن.

ئایا خوداکان بەوە سەبوورییان دێت و ئارام دەبنەوە کە یاخیبووانیان بچنە سەر گۆڕەکانیان و گڵکۆکانیان لە فرمێسکی درۆ هەڵبکێشن؟!

پەرۆشترین خەڵکیی بۆ ئایینەکان ئەوانەن کە بە باوەڕی خۆیان هەڵسوکەوت ناکەن.

ئێمە باوەڕدارین چونکە ئێمە یاخیین، دەمانەوێت لە ژێر دروشمێکی پەسەنددا هەڵە و گوناهەکانمان بەدی بهێنین، نەک لەبەرئەوەی کە لەخواترسین.

من کۆنەپەرستی باشم لە ئازادیخوازی بەد پەسەندترە.

ویژدانی شارستانیی لە داهاتوودا بە شوێن ئەو مرۆڤەدا دەگەڕێت کە دادگەرێکی بێباوەڕە، نەک

ئـەو مرۆڤـەی کـە باوەڕدارێکـی نادادگـەرە.

هەمـوو ئـەو بوونەوەرانـەی کـە ئێمـە ئاشـنایان هەیـن- بێجگـە لـە مـرۆڤ- بـە ڕاسـتیی دەژیـن- بـە تەنهـا هـەر مـرۆڤ ڕاسـتیی دەیکوژێـت؟!

ئـەو مرۆڤـەی کـە لەپێنـاوی داکۆکییکـردن لـە پرەنسـیپێکدا سـەردەنێتەوە، هیچـی تـر نییـە بێجگـە لـە مرۆڤێـک کـە تـا ڕادەی کوشـتنی خـۆی شـەیدای خۆیەتـی.

بـاوەڕ و نوێـژ هیچـی تـر نییـە بێجگـە لـە شـێوازێک لـە شـێوازەکانی تورەیـی و ڕەتدانـەوە و داشـۆرین. لەمەوبـەر خودابـاوەڕان لـە سـەروەختی ئاخاوتـن لەگـەڵ خـودادا دەیانگـوت: «خودایـە، ئێمـە لـە تـاوت پەنـات پـێ دەبەیـن و، لـە ترسـت هانـات بـۆ دەبەیـن»- ئەمـە نزایەکـە دڵڕەقانەتریـن هەسـتەکانی ئازار و سـوێ و بەرگریی پشـتگوێخراوی تێدایە، هەموو داشـۆرین و ڕەتدانـەوە و هەڵهاتـن و هەمـوو واتاکانـی

شـەڕی تێدایـە. بـاوەڕ و نوێـژ و نـزا هەمیشـە ناڕەزایی دەربڕینێکـی شـاردراوەیە لـە چـاوی ئـەو خودایانـەی کـە خـود و بلیمەتیـی خۆیـان بـە جۆرێـک دەخەنـەڕوو لـە لۆژیـک و خۆویسـتیی و پێداویسـتییەکانیدا مـرۆڤ دادەچڵەکێنێـت و، لـە هەمـوو ڕووەکانییـەوە پێچەوانـەی ئـاکارە. تەنانـەت باوەڕبـوون بە سـەرکردە و ئاییـنـزا و ڕێبـاز و سیسـتەمەکانیش هیچـی تـر نییـە بێجگـە لـە چەشـنێک لـە ناڕەزایـی دەربڕیـن و بەرهەڵسـتکاریی و گریـان.

فەرمـوودەی پیـرۆز هیچـی تـر نییـە بێجگـە لـە گواسـتنەوەی کۆمـەڵ و جڤاکـەکان بـۆ گۆڕسـتانەکان، یاخـود گواسـتنەوەیەکی گۆڕسـتانەکانە بـۆ کۆمـەڵ و جڤاکـەکان، تاکـو بەهرەکانـی تێیـدا بژیـن و فێـری تـرس لـە گۆڕانکاریـی ببێـت لێیـەوە.

داوەریـی ئەقـڵ و لۆژیـک دەربـارەی ئـەم فەرموودەیـە چـی دەڵێـت: «ئــەو مرۆڤانــەی کــە بــە بۆچوونــی خۆیـان قورئـان لێکدەدەنـەوە، لێکدانەوەکەیـان یـان دەیپێکێـت یـان ناپێکێـت، ئەگـەر پێکایـان بـە هەڵەدا

چوون، ئەگەر بە هەڵەیشدا چوون ناخوداباوەڕییان کردووە»؟

هەر ئایینێکی بتپەرستانە زۆر بە ئایینی ئیسلام تەباترە وەک لە تەبایی فەرموودەکان بە یەکتریی- بەڵکو تەنانەت وەک لە تەبایی فەرموودەکان خۆیان بە ئیسلام.

پەرستشی هزریی یاساداڕێژەری هەموو چەشنە پەرستشەکانی دیکەیە.

چ تاوان و گوناهێک لەوەدا هەیە ئەگەر مرۆڤێکی چاکەکار بڵێت گوێم لە دوو گەواڵە هەور بوو بە پەرۆشەوە و بە جۆش و خرۆشەوە باسی جوانیی ئیسلامیان دەکرد و دەیانگوت ئیسلام چاکترین ئایینە و شوێنکەوتەکانی فەرمانڕەوایی جیهان دەگرنە دەست؟!

تۆ بڕوات بە توانای لەڕادەبەدەری ئەو هەیە، کەواتە توانای ئەو لەڕادەبەدەرە. توانای ئەو لەڕادەبەدەرە لەبەرئەوەی کە تۆ باوەڕت بە توانای

لەڕادەبەدەری هەیە، لەبەرئەوە باوەڕت بە توانای لەڕادەبەدەری نییە کە توانای لەڕادەبەدەرە. لەبەرئەوە توانای لەڕادەبەدەر نییە کە توانای لەڕادەبەدەرە، بەڵکو لەبەرئەوەی تۆ باوەڕت وایە کە توانای لەڕادەبەدەرە.

فەرمووده، یاسا و فەرمانە- بەڵام وێڕای ئەوە نووسینەوەی حەرامە! ئایا ئەقڵ دەیبڕێت ئەوەی کە شتێک ئەرک و ئەوەی کە نووسینەوەی حەرام بێت پێکەوە کۆبکرێنەوە؟

خواپەرستیی عەرەبی پێش ئیسلام وەک خواپەرستیی ڕۆژگاری ئەمڕۆی یابانییەکانە- کە خواپەرستییەکەیان جۆرێکە لە شیعر و جوانیی و ئەسپسواریی، نەک جۆرێک لە خواوەندە دڵڕەشە بەشەڕهاتووەکان.

بەخشندەکان دەبن بە دەمارگیر تاکو بەخشندەییان لە دەمارگیرییەک کە هەڕەشەیە لەسەری بپارێزن!

مرۆڤ لە دەرەوەی میحرابدا بووە شارستانیی، نەک لە نێو میحرابدا.

ئەوانەی کە خۆراکیان لە گوناهەکانی سەردەمی جاهیلیی وەرگرت لەوانە پاڵەوانتر بوون کە خۆراکیان لە خواپەرستیی ئیسلام وەرگرت.

حەرامکردن، بە هەموو شێوەکانی، لە ڕەتدانەوەی ژیان بەولاوە زیاتر نییە.

ئازادیی ئەڤین هەمیشە دەخوازێت ئەو کەرەستە سەرەتاییە بێت کە هەموو ئازادییەکانی لێ دروست دەکرێت.

ئەو هەڵە گەورەیەی کە مرۆڤە نوێیەکان زۆرترین هەڵەکانی خۆیان لەسەر هەڵچنیوە، باوەڕبوونیانە بەوەی کە پەیامبەر خودا بووە.

ئایا ئەقڵی مرۆڤی خوداباوەڕ دەیبڕێت کە خودا

لەسەر بڵندایییەکەی خۆی بێتە خوارەوە تاکو جوبریل ڕابسپێرێت دابەزێتە سەر زەوی تاکو سروش بە محەمەد بدات ئەو خواردنە بخوات، یاخود ئەو جلە لەبەر بکات، یاخود فلان کەسی خۆشبوێت و قینی لە فیسار کەس بێت، یاخود لەسەر عەرد نان بخوات و، لەسەر لای ڕاست بنووێت و، ئاو بە چوار قوم بخواتەوە، یاخود ئەنگوستیلە بکاتە ئەنگوستی دەستە ڕاست، یاخود سواری گوێدرێژ ببێت؟!

ئەگەر شیانی هەبێت کە خودا بە هۆی فریشتەوە لەگەڵمان بدوێت، چۆن شیانی نییە کە بە هۆی خۆمانەوە لەگەڵمان بدوێت؟! چۆن بە هۆی ئەوانی ترەوە گوێمان لە خودایە و بە هۆی خۆمانەوە گوێمان لێی نییە؟!

خراپەبێژیی هەمیشە تەنها واتای پەسندان دەگەیەنێت. ئەگەر خراپەی خێڵێک یاخود ئایینزایەکمان گوت ئەوا ئێمە لەڕاستییدا دەمانەوێت پەسنی خێڵ یاخود ئایینزایەکی تر بدەین- لە ڕێگای گوتنی خراپەی ئەمەوە پەسنی ئەو دەدەین.

جەماوەر هەمیشە دەفرە لەڕادەبەدەرەکانی گەورەترین خوراڤە و بیری نەشیاو و دەلەسەی جیها نیین.

جەماوەر هەمیشە بۆشاییەکن چاوەڕوانی پڕکردنەوەی دەکەن. هەمیشە شوێنکەوتانێکی باوەڕدارن بە پێغەمبەر و پیاوان و بۆ پاڵەوان و پەهلەوان هاوار دەکەن.

ناچاریی ڕاستگۆترین ڕێپیشاندەری مرۆڤە، ئەوە ناچارییە کە ئەقڵ و توانا و ئاکاریان دادەهێنێت.

کاتێک کە مرۆڤ لاواز دەبێت، مێملەکەی بەهێز دەبێت کە سروشتە. ئەوکات هەوڵدەدات پاراستنێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئیتر خوداکان و ئەفسانەکان دروست دەکات نەبا لە بەر دەم ناحەزەکانیدا یاخود لە بەر دەم خۆیدا بەڕووتیی دەربکەوێت.

ئازادیــی ڕەنگدانــەوەی هێــزە، چونکــە بەهێــزەکان لەگــەڵ چواردەوریانــدا وەک یەکیــان لــێ دێــت، ئیتــر بەبــێ تــرس و بەبــێ وەژارە وەهــم بــەرەوڕووی دەبنــەوە.

درۆکــردن کارێکــە لــە کارەکانــی ڕەتدانــەوەی نەرێنییانــەی ئــەو دژبەریــی و بێتوانایــەی کــە لــە نێــو سروشــتدا هەیــە. درۆکــردن ناڕەزایــی دەربڕینێکــە مــرۆڤ لــە دژی سیســتەم و بــوون و خوداکانــی خــۆی ڕایدەگەیەنێــت کــە بــاری ســەر شــانیان بــەو ڕاســپێریی و بنەمایانــە قــورس و گــران کــردووە کــە پابەندبــوون پێیانــەوە شــیانی نییــە چونکــە لــە دژی ئــەو و لــە دژی سروشــتن.

ئــەوەی کــە درۆ دەکات وەک ئــەوە وایــە ئــەو خــودا و مامۆســتایانە بەدرۆبخاتــەوە کــە پێیانگــوت؛ تــۆ دەتوانیــت چاکەخوازبیــت بەبــێ ئــەوەی سروشــت چاکەخوازبێــت.

ڕاســتگۆیی و درۆکــردن دوو هەوڵــن بــۆ گوزارشــتکردن لــە خــود لــە ڕێــگای گوزارشــتکردن لــە ئاراســتەی

ویست و بەرژەوەندیی. ئێمە ڕێز لە ڕاستگۆیی و درۆکردن نانێین و قینمان لێیان نییە، بەڵکو مامەڵەیان دەکەین.

ڕاستگۆیی بەبێ بەرژەوەندیی، لای مەزنترین وەلی و پیاوچاک، لەو نرخە زیاتری نییە کە درۆکردن هەیەتی- ئەو درۆکردنەی کە هیچ بەرژەوەندییەکی تێدا نییە.

جیاوازیی نێوان ڕاستگۆیی و درۆکردن جیاوازییە لە شێوازدا، نەک لە نیازدا.

ئەو مرۆڤەی کە خۆی لە درۆکردن و دووڕوویی دەپارێزێت، بە خۆپاراستن لێیان درۆ و دووڕوویی دەکات.

تەنها گەمژە و منداڵ ڕاست دەڕۆن. تەنها مردووەکانیش درۆ ناکەن.

پڕفرۆشترین شتی مرۆڤەکان پەسەندترین شتە تیایاندا. پڕفرۆشترین مرۆڤەکانیش مەزنترین مرۆڤە

تیایانـدا. بەهێزتریـن مـرۆڤ ئـەو مرۆڤەیـە کـە لـە هەمـوو مرۆڤـەکان زیاتـر دەکڕدرێـت و لـە هەمـوو مرۆڤـەکان زیاتـر دەفرۆشـێت و دەفرۆشـرێت. تەنهـا ئـەو مرۆڤـەی کـە نافرۆشـرێت و ناکڕدرێـت مرۆڤێکـی مـردووە.

ئـەو مرۆڤانـەی کـە چاویـان لـە ئاسـمان دەژی، ئاسـمان و خـۆرەکان و ئەسـتێرەکان و کاکێشـانە لەڕادەبـەدەرەکان دەبینـن. هەرچـی ئـەو مرۆڤانەیشـە کـە لـە نێـو تاریکایـی ئەشـکەوتەکاندا دەژیـن، وێناکانیـان پـڕ لـە ترسـاندن و تارمایـی و لاشـەی مـردووان دەکـەن، ئـەوە بـۆ ئەوانـە.

ڕاستگۆیی پێویستییە نەک بیرۆکە، پێویستییش بزواوە و چەسپانی نییە.

ڕاسـتگۆیی جۆرێکـە لـە خۆپەرسـتیی و ئاکارپەسـەندییەکی دەروونیـی نییـە، پێویسـتییەکە لـە پێویسـتییەکانی مـرۆی ڕاسـتگۆ، قوربانییدانێـک نییـە لەلایەنـی ئـەوەوە لەپێنـاوی کۆمەڵدا. ڕاسـتگۆیی و درۆکـردن دوو وێنـەی یـەک ڕوون گوزارشـتەکانی

جیــاوازن.

تەنهـا ئـەو مرۆڤـە دەسـت لـە درۆکـردن هەڵدەگرێـت کـە دەتوانێـت دەسـت لـە ڕاسـتگۆیی یاخـود لـە ژیـان هەڵبگرێـت. ئـەو مرۆڤـەی کـە ڕاسـت دەڕوات، ئەگـەر پێیوابـوو کـە ڕاسـتگۆیی چاکتـرە بـۆی، وەک ئـەو مرۆڤـە وایـە کـە درۆ دەکات ئەگـەر پێیوابێـت کـە درۆکـردن چاکتـرە بـۆی.

درۆزنتریـن خەڵکیـی ڕاسـتگۆکانن، چونکـە کاتێـک کـە ڕاسـت دەڕۆن، نایانەوێـت ڕاسـتیی بڵێـن، بەڵکـو دەیانەوێـت شـتێکی تـر بڵێـن. ئەمـە ئەو ڕاسـتگۆییەیە کـە مەبەسـت لێـی بێجگـە لـە ڕاسـتگۆییە- ئەمەیـش ناشـیرنترین شـێوازەکانی درۆکردنـە!

نیازی درۆکردن ڕاستیی نییە، هەرچەند هەواڵەکە ڕاستیش بێت.

کاتێـک لـە خەڵکیـی کۆدەبنـەوە، ڕاسـتییەکان بـزر

دەبن و، خوراڧە و بیرە نەشیاوەکان و پڕوپاگەندە و دەلەسەکان پەیدا دەبن.

مێژوو ئەو بوونەوەرە زرتەبۆزە بێئابڕووە گڵاوەیە کە دڵڕەقانە و گەمارۆ ئاسا دەمانگرێت بەبێ ئەوەی پێویستی بەوە هەبێت کە بیبینین یاخود باوەڕمان پێی هەبێت.

گێڕانەوەکان ئێش و ئازارەکانی مێژوو و ئاواتە دەستەنگەکانی مێژوون، وەک بڕێک هاوار و ناڵین لە نێو ئاکاری مرۆڤە لاوازەکاندا تەقیونەتەوە، بێچارەکانی دواتریش نوێژیان بۆ کردوون.

چەند ئاسانە باوەڕهێنان بەو بیرۆکەیەی کە لە بەر دەم خۆمان و لە بەر دەم کۆمەڵەکانماندا دەمانکاتە مرۆڤگەلێکی چاکەخواز و، وێڕای ئەوە دەمانکاتە وادەدراوی چاکترین دەرفەت و بەخت شان بە شانی بەخشینمان لە تێچووەکانی بوونەکەمان.

مرۆڤـەکان بـەردەوام، لـە زۆربـەی سـەردەمەکانیاندا، درۆیـان بـە ئازادیـی دەکـرێ و ئاسـودەییان بـە ڕاسـتیی دەکرێ و ژیرییـان لـە نرخـی خوداباوەڕییـدا دەدا.

قسەکردن وەڵامدانەوەی پێویستیی قسەکەرە، نەک پێویستیی گوێگر.

ئەگـەر مرۆڤـەکان تەنهـا کاتێـک بدوێـن کـە قسـەکردن واتـای شـتێک یاخـود شـێوازی شـتێک بگەیەنێـت، ئـەوکات زۆربـەی کاتەکانیـان بێدەنـگ دەبـن و، ئـەو هەمـوو کەلەپـوورە لەڕادەبـەدەرە لـە کتێـب و ڕاسـپێریی و بنەمـا و ئاییـن بوونیـان نابێـت.

یەکێـک لـە دڵڕەقانەتریـن سـزاکان ئەوەیـە کـە ڕێـی بـاس و خواسـی بێکەڵـک لـە خەڵکیـی قەدەغـە بکرێـت.

بەهـای دەروونیـی ئاخاوتـن ئەوەیـە کـە ئامێرێکـە

لـــە ئامێرەکانـــی خاڵییکردنـــەوەی ئـــەو کارتێکرانـــە بەســـوێیانەی کـــە بـــە هـــۆی ڕووبەڕووبوونـــەوەی بەردەوامـــی نێـوان ویسـت و تواناماناـەوە لـە ناخمانـدا کۆدەبنـــەوە.

ئاخاوتـن کـردەی هاوارکردنـە گوزارشـت لـە پەسـتیی و ئـــازار و تووڕەیـــی و وروژانـــی سێکســـیی دەکات. مـرۆی بێبـەش لـە ڕووی سێکسـییەوە لـە مـرۆی تێـر لـــە ڕووی سێکســـییەوە زۆرتـــر دەدوێـــت.

پێغەمبـەران و شـوێنکەوتەکانیان هیچیـان خۆشـییان بـە ئـەوی تریـان نایـەت، بەڵکـو هەریەکەیـان بـە بـان سـەری ئـەوی دیکەیانـەوە دەسـتنوێژ دەشـۆرن.

هـــەر پێغەمبەرێـــک دەیەوێـــت بـــە بـــان ســـەری ئـــەو مرۆڤانەوە دەستنوێژ بشۆرێت کە گازی خوداباوەڕییان دەکات، لەڕاسـتییدا هـەر خوداباوەڕێکیـش دەیەوێـت بـە بـان سـەری ئـەو پێغەمبەرەوە دەسـتنوێژ بشـۆرێت کـە بـاوەڕی پێیەتـی.

مرۆڤـەکان، تـا ڕۆژگاری ئەمـڕۆ، شـێوازێکیان نەدۆزیوەتـەوە تاکـو بـە هۆیـەوە مرۆڤـی گشـتی لـە کارەکەیـدا بکـەن بـە مرۆڤێکـی گشـتی لـە پاڵنـەر و ئامانـج و ئاسـتەکانیدا.

ڕاسـپێریی و بنەمـاکان وەکـو خوداکانـن؛ هەمـوو خوداباوەڕان بـە ناوییـەوە هـاوار دەکـەن، بـەڵام تەنها کاتێـک دەتوانـن بژیـن ئەگـەر لـە سـێدارەی بـدەن.

مرۆڤێـک نییـە شـەیتان بپەرسـتێت ئەگـەر بزانێـت ئـەوە شـەیتانە، مرۆڤێکیـش نییـە لـە پێغەمبـەر یاخیـی ببێـت ئەگـەر بزانێـت ئـەوە پێغەمبـەرە.

خـودا توندوتیـژە شـپرزەکەت، ویسـتە توندوتیـژە شـپرزەکەتە، خـودا لێبووردەکەیشـت ویسـتە لێبووردەکەتـە.

خەڵکیـی ئـەو ڕۆژە داوای زانیـن و ڕەوایـی دەکـەن کـە

دەیانەوێـن. سـەروەختێک کـە زانیـن لـە دژی ویسـت دەبێـت هیـچ مرۆڤێـک نادۆزیتـەوە داوای بـکات یاخـود لێـی قایـل بێـت.

خەڵکیـی هێشـتا بێئاگاییـان بـە زانیـن زیاتـر دەوێـت وەک لــە بەئاگایــی بــە زانیــن. هــەر کۆمەڵێــک، هەرچەنــد زانینــی بووێــت، هــاوکات بێئاگایــی بــە زانینیشــی دەوێــت.

تەپــەی پێــڵاوی پۆلیســێک کــە بــە هۆیــەوە تەوقــە لەگــەڵ زەوی دەکات، لــە دیمەنــی هــەزار پێغەمبــەری هــەزار کتێبــی دابەزێنــراو بــە دەســتەوە گرتــوو بەهێزتــرە.

نەکـەی بـڕوا بـەوە بکەیـت کـە شـەیتان قایـل دەبێـت بچێتـە ئاگـرەوە ئەگـەر بـاوەڕی پـێ بهێنێـت.

باوەڕهێنـان بـە خـودا هەڵکۆڵینـی چـاوی بینینـی هەر شـتێک و، کەڕکردنـی گوێـی بیسـتنی هـەر شـتێک و، پەکخسـتنی هەمـوو هەسـت و ویسـتەکانە لـە هەسـتکردن بـە هـەر شـتێک و ویسـتی هـەر شـتێک.

وشەی خودا لە نێو زمانی مرۆڤدا وەک هاتنەبوونی وشەی ئاخ هاتووەتە بوون...

زانیـــن ئاکارپەســـەندییە، چونکـــە ئەگـــەر تـــۆ شـــتت زانـــی یـــان دەتەوێـــت یـــان ناتەوێـــت، ئیتـــر ئـــەوە دەکەیـــت کـــە دەتەوێـــت.

مـــرۆڤ، پـــاش ئـــەوەی کـــە بـــوو بـــە مـــرۆڤ، هێشـــتا هەمـــوو تایبەتمەندییەکانـــی پێشـــینەکانی لـــە بوونەوەرە پایەنزمـــەکان لـــە نێـــو خۆیـــدا پاراســـتووە، چونکـــە مـــرۆڤ پەرەناســـتێنێت بەڵکـــو کەڵەکـــە دەبێـــت. تایبەتمەندییەکانـــی ماســـی و مەیمـــون و ســـەگ و هەمـــوو ئـــەو هەبـــووە زیندووانـــەی تێدایـــە کـــە ڕیشـــە و ڕەســـەنی ئـــەون.

بلیمـــەت تێکـــڕای مرۆڤـــی هیـــچ و پووچـــی تووشـــیاری بلیمەتییـــە و، مرۆڤـــی هیـــچ و پووچیـــش تێکـــڕای

مرۆڤــی بلیمەتــی چاکبووەوەیــە لــە بلیمەتیــی.

مرۆڤی شارستانیی مرۆڤی دڕندەیە بە شێوازێکی شارستانییانە.

جیاوازیی نێوان مرۆڤ و سروشت هیچی تر نییە بێجگە لە جیاوازیی لە ئاستی بووندا. جیاوازیی پەیام یاخود چاکەخوازیی یاخود تایبەتمەندیی یاخود دیارییکردن یاخود لۆژیک نییە.

ئێمــە دەژیــن چونکــە ناتوانیــن بمریــن و، دەمریــن چونکــە ناتوانیــن بژیــن. ئێمــە وەک چــۆن بــە هــۆی کێشـکردنەوە دەژیـن بـە هـۆی کێشـکردنەوە دەمریـن.

سـەبارەت بـە خودابـاوەڕان خـوداکان پتـر ژمارەیـەک کرێــکار بــوون لای خودابــاوەڕان وەک لــەوەی خودابــاوەڕان کرێکاربــن لای خــوداکان.

هەیهو چەند مەزنن سەرکەوتنەکانم!

کـۆی ســەرکەوتنەکانم ئەوەیــە بڕێــک لــەو ئێــش و ئازارانــەم کەمبکەمــەوە کــە هەبوونــم دروســتی کــردوون.

ژیــان وەک ئــەو مرۆڤــە وایــە کــە پێوەندێکــی فــرە گرێــی لــە پێیەکانــی کــردووە، تاکــو هەمــوو ئیــش و کار و ســەرقاڵییەکی بریتــی بێــت لــە کردنــەوەی ئــەو پێوەندانــە- هەرچەنــد گرێیــەک دەکاتــەوە گرێیەکــی تــر لــە شــوێنی دروســت دەبێــت. ئــەوکات هەســت بــە چێــژ و بــەوە دەکات کــە ســەرکەوتووە. هــەر چێــژ و هــەر ســەرکەوتنێک هیــچ واتایەکــی تــری نییــە تەنهــا ڕەوینــەوەی ئێــش و نەمانــی دژوارییــەک نەبێــت- واتــە نەمانــی بــوون.

مرۆڤــەکان، لــە هەمــوو هەبوونەکانیانــدا، لــە بوونیــان و پاشــان ڕەتدانــەوەی بوونیــان بــە هــۆی ئــەو شــتەوە کــە بــە شارســتانیی و چالاکیــی فــرە هەبوون و شــێواز ناودێــری دەکــەن، زیاتــر ناهێنــن.

ژیان نەیارێکی هەمیشەیی بێگەردیی و پاکێتییە.

ئەگەر لە نێوان قوربانییدان بە خۆم و قوربانییدان بە مرۆڤایەتییدا سەرپشک بکرێم، بەبێ دوودڵیی، قوربانییدان بە مرۆڤایەتی هەڵدەبژێرم.

بەها هەمیشە خودی ناچارییە؛ ئەگەر ناچاریی نەبووایە هیچ شتێک بەهای نەدەبوو.

ڕەشبینیی و گەشبینیی، وەک چۆن دۆخێکی هزریی نین، هەروەها دۆخێکی دەروونییش نین، دۆخی جەستە و، ڕادەی تەندروستین.

هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە گەردوون بەگوێرەی گۆڕانی هۆشیارییمان لە هەمبەری دەگۆڕێت، هۆشیارییشمان بەگوێرەی گۆڕانی تواناشکانمان بەسەریدا دەگۆڕێت. ناشێت جووڵەمان بەرامبەر بە شت بگۆڕێت بەڵام ڕاڤەمان بۆی گۆڕانی بەسەردا

نەیەت.

پەیوەستبوون بە شت دەگۆڕێت بۆ هەست و، پاشان بۆ بیرۆکە. هەر ئەمەیشە کە هەموو چالاکیی ئەقڵییمان دروست دەکات. باوەڕیش ئەنجامی دژبەریی نێوان ویست و بوونمانە.

باوەڕی نەگۆڕ باوەڕێکی مردووە چونکە ژیان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، ئەو مرۆڤەی کە باوەڕی خۆی ناگۆڕێت مرۆڤێکە بەبێ باوەڕ دەژی.

ئەو مرۆڤەی کە دەڵێت لەپێناوی داکۆکییکردن لە خودا یاخود لە ئازادیی یاخود لە یاسا و دادگەریی لە دژت دەجەنگم، لەڕاستییدا مەبەستی داکۆکییکردنە لە شێوازێک لە ژیان کە ئەو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەسەر بنەمای ڕێکخستووە.

ناخوداباوەڕ ئەو مرۆڤەیە دەربارەی بڕێک پرس قرخەمەرەزێ دەکات کە بەڵگەی دڵنیا لەبارەیانەوە

نییـە.

ئـەو بـاوەڕ و بۆچوونانـەی مـرۆڤ کـە کاتێـک بـاوەڕی پێهێنـان مانگگیـران دەیترسـاند، ناشـێت هـەر هەمـان بـاوەڕ و بۆچوونـی بـن پـاش ئـەوەی کـە بـووە مرۆڤێکـی مانگسـاز و ئاسـمانگەڕ.

ئـەو مرۆڤـەی کـە دەزانێـت و ناتوانێـت زۆر لـەو مرۆڤە زیاتـر ئـازار دەچێژێـت کـە نازانێـت و ناتوانێت.

مـرۆڤ ئـەو زانینـەی ناوێـت کـە ئەشـکەنجەی ویسـتی دەدات و، پێـی خۆشـە گەمژەیەکـی بەختیـار بێـت وەک لـەوەی ژیرێکـی ئازارچەشـتوو بێـت.

هۆیەکانـی باوەڕبـوون بـە خوراڤـە و بیـری نەشـیاو لـە نێـو ناخـی خۆماندایـە، نـەک لـە نێـو خـودی خوراڤـە و بیـری نەشـیاو خۆیـدا. خەڵکەکەیشـمان خـودا و خەمەکانـی خۆیـان کردووەتـە برێـک خـودا و شـەیتان

تاکو بیانپەرستن و بەنەفرەتیان بکەن.

دەشێت تۆ بۆ ئەوە بڕوات بە باوەڕ یاخود ئایین یاخود ئایینزا یاخود خودا یاخود سەرکردە هەبێت تاکو بیکەیتە بەرپرس لە لەکە و تاوان و گوناهەکانی خۆت.

خوداباوەڕان خێڵێکن بە بەهانەی پیرۆزکردنی ئەوە گلاو و تاوانبار دەکەن کە باوەڕیان پێیەتی.

لە نێو هەموو هەبووەکاندا هەبوویەک نییە خوڕافە ساز بکات و باوەڕی پێ بهێنێت یاخود بژی بێجگە لە مرۆڤ کە بەتەنها هەر ئەم شارستانیی ساز و بلیمەتیی ساز و پایەماڵکاری خوڕافەیە.

باوەڕبوون بە خوڕافە وەک باوەڕبوونە بە ڕاستیی؛ هەردووکیان لە بەهێزترین و نەمرترین شت کە لە نێوماندا هەیە سەرچاوەیان گرتووە. هەردووکیان

پێکەوە بەشێکن لەو خۆبەڕێوەبردنەی کە ژیان خۆی بەڕێوە دەبات. لەڕاستییدا بەتاڵییەکانمان پێویستیان بە پڕکردنەوەیە.

ئێمە لە قەشەوە فێردەبین کاتێک کە لەو منداڵترین، ئەگەر لەو گەورەتر ببین لە قەنارەی دەدەین و ڕاوەدووی دەنێین.

خەڵکیی بەسەر ژمارەیەک لاوازدا دابەش نابن لەبەرئەوەی کە باوەڕیان بە وەهمە، بەسەر ژمارەیەک خوداباوەڕیشدا دابەش نابن لەبەرئەوەی کە باوەڕیان بە ڕاستییەکانە. خەڵکیی بەسەر ژمارەیەک بەهێزدا دابەش دەبن لەبەرئەوەی بەهێزن، بەسەر ژمارەیەک لاوازیشدا دابەش دەبن لەبەرئەوەی لاوازن. باوەڕ ئەو زمانەیە کە لاوازیی یاخود بەهێزیی ئەوان قسەی پێ دەکات.

ویست بەرقەولی باوەڕ نییە، بەڵکو باوەڕ بەرقەولی ویستە. ویست باوەڕ دروست دەکات، ڕەتیدەداتەوە و دەیگۆڕێت.

گەمژەیی وەک نانە؛ خۆراکی ڕۆژانەی دەستە و کۆمەڵەکانە، ناتوانن بەبێ ئەو بژین. ژیرییش تەنها لە ژاوەژاوێک لە گەمژەییدا دەژی.

پێویستیی خانەدانترین خەڵکیی بە خوڕافە لە پێویستیی پایەنزمترینیان زیاترە. دەوڵەتی مەزن هەمیشە خوڕافەی مەزن پاسەوانیی دەکات.

کاریگەرترین شێوەی پەرستش، بە واتا دەروونییەکەی، لە جووڵەیەکی دربڕینەکیی زیاتر نییە. لە باشترین دۆخەکانیدا، جۆرێکە لە سەماکردن و گۆرانی گوتن و خوولانەوە بە دەوری خۆدا.

ئایا باوەڕ و ئایینەکان ئەوەیە کە چاوان لە مرۆڤێک بستێنیتەوە پاشان سزای بدەیت ئەگەر نەیبینی و، جووتێک چاوی بەهێز بە مرۆڤێکی تر بدەیت و پاشان لە پای چاوە بەهێزەکانی پاداشتی بکەیت؟!

خەڵکیی زۆر زۆریان باسی ئەفرێنەر کردووە، بەڵام وەکو ئەفرێنەر باوەڕیان پێی نەبووە. هەر بۆیە بەردەوام تەنها خاوەنی بڕێک ئەقڵ بوون و هیچی تر و، بەردەوام بەوپەڕی وەحشیگەرانە ژیانی خۆیان بەسەربردووە، چونکە وەکو ئەفرێنەرێک باوەڕیان پێی نەبووە، هەرچەند وەکو ئەفرێنەرێک باسیان کردووە.

ئایا لە نێوان خودا و شەیتاندا مەودایەک هەیە؟

ئایا خودا لە مەزەندەی تۆدا شەیتان نییە لە مەزەندەی هاوسێ یاخود نەیارەکەتدا؟ ئایا شەیتان لە مەزەندەی هاوسێ یاخود نەیارەکەتدا خودا نییە لە مەزەندەی تۆدا؟ ئایا خودا بێجگە لە شەیتانە لە مەزەندەی هەموو مرۆڤەکاندا؟!

ئەو مرۆڤەی کە دەنگی بەرز دەکاتەوە و گۆرانییەک

دەڵێـت، هەمـان ئـەو شـادییەی دەسـت دەکەوێـت کـە مرۆڤێـک دەسـتی دەکەوێـت کـە بـە پەرۆشـەوە نوێـژ دەکات، چونکـە گۆرانـی گوتـن وەکـو نوێـژ و نزاکـردن گوزارشتـە .

**پەراوێزەکان:**

(١)ئـەم سـەرنجە وتەیەکـی ئیمانوێـل کانـتـی فەیلەسـووفی ئەڵمانمـان بیردەهێنێتـەوە، کاتێـک کـە سـەرۆکی زانکـۆی کۆنیگسـبێرگ بـوو هـەر جارێـک کـە داوای بەشـداریی لـە کۆنوێـژی کڵێسـای لـێ دەکـرا، لە وەڵامـدا دەیگـوت: «مـن نوێـژی پاڕانـەوە بـە جۆرێـک لـە کلکەسـووتە و مەراییکـردن بـۆ خـودا دەزانـم».

(٢)ئـەم تێبینییـەی قەسـیمی. پارچـە نووسـینێکی نیچـەی فەیلەسـووفی ئەڵمانمـان لـە شـێوەی پرسـیاردا لـە نێـو کتێبـی «ئاوابوونـی بتـەکان» بیردەهێنێتـەوە کـە دەڵێـت: «مـرۆڤ هەڵەیەکـی خوداییـە، یـان خـودا هەڵەیەکـی مرۆییـە؟».

(٣)سورەتی نیساء، ئایەتی ژمارە٤٨.